# منداڵێك لە باوشی دایكیدا ونبوو

# منداڵێك لە باوشی دایكیدا ونبوو

## بۆ منداڵان و مێردمنداڵان

## نووسینی : كاروان علی

* ناوی كتێب: منداڵێك له باوشی دایكیدا ونبوو

* بابەت: هۆنراوە ـ ئۆپەرێت ـ چیرۆك

* بۆ: منداڵان و  مێردمنداڵان

* نووسینی: كاروان علی

* تایپ و دیزاین: خیلانی كاروان

* دیزاینی بەرگ:  محمد ساڵح

* ساڵی چاپ:٢٠١٦

* تیراژ: ١٥٠٠

* چاپخانە: چوارچرا / سلێمانی

*بەڕیوەبەرایەتی گشتی كتێبخانە گشتییەكان ژمارەی (        )سالی ٢٠١٦ی  دراوەتێ.

## دەستپێك

هەمیشە هەولٚ و تێكۆشان بۆ هەر بابە تێكی ئەدەبی نەك نووسین بۆ منداڵ هەولٚ وماندوبوون وشەو نخونی زۆری دەوێت جا چ جا ئەگەر بێت و وشە بەوشە و پیت بە پیت بكەوێتە بەرلێكۆڵنەوەو ڕەخنەی ئەدەبی و دەروونی و گەشە و پێگەیاندن و ڕەوشتی ...

بێگومان ئەمە و چەندین بابەتی گرینگترلە نوسینی منداڵاندا دەبێت رەچاو بكرێت هەروەها بەوریای و هۆشمەندییەوە دەست بۆ هەر پیت و وشەیەك ببرێت، جگە لە بیرۆكەی سەرەتا و ناوەراست و كۆتابی و چنین و چۆنیەتی ڕیز بەندییان و پێگەی وشە لەرستە داو بوونی بن دێر و پیت و وشە ...چونكە بەدەر لەوەی هەر ئاما نجێك هەبێت

دەبێت زۆر بەڕوونی نوسەری منداڵان پەی بەو وئەركە نابێت و بزانێت یەك دێری هەر بابەتێكی منداڵان رۆمانێكی هزری بێسنوری منداڵانە... چونكە نوسەر لە دێردا وێنە دەنەخشێنێت یان هەوڵی بەر جەستەكردنی هۆشیاری و پێگەیاندن و نیگا ڕوونی و نیشاندان و ئامانج و ئەرك و بەر پرسیاریەتی دەكات

هەر لەبەر ئەمانەو چەندین هۆكاری تری نووسین

دەبێت نوسەری منداڵان بەدەر لەوەی ئاگاداری ئەم لایەنانە بێت

منداڵانه ڕۆبچێته ناو كۆڕی منداڵان و له وێوه و لەناخی ئەواندا بابەتەكان هەڵچنێت و دیالۆگەكان ( گفتو گۆیەكان ) ساناتر و له وێشەوه پەیامه ئایندەكانی ئاراسته بكات بۆ مەبەسته گشتییەبەرژەوەندییەكانی منداڵ ...

چونكه هیچ گومانی تێدا نیه تاكه مرۆڤی هۆشمەند له دنیادا هەر منداڵەوئەگەر لەناخی ڕاستگۆیی ئەوان گوێبژێری نەكرێت ئەگەر هۆنراوەو ئۆپەرێت وهەر بابەتێكی تری منداڵان به پێگەیاندن و سایكەلۆژیاو گەشەی دەرونیش بێت ئەوا تەنهاچاپكراوێكی بازاری دەبێت ونه له هزری منداڵ ونەلەمێژوودابوونی دەمێنێت ...

له بەر بوونی منداڵ و پێگەیاندنی بۆ دوارۆژ ، ئەركی نوسەری منداڵان زۆرگرانتره چونكه له هەموو ژانەرەكانی ئەدەبدا نوسەر یاخود شاعیر و چیرۆك نووس هێدی هێدی بەرز دەبێتەوەو ئاستی خۆی لەگەڵ رۆژگاردا زیاتر پەروەردە دەكات...

بەڵام لەدنیای منداڵان ئەوەنابێت چونكه نوسەر لەستێپی ( هەنگاوی ) یەكەم نووسینی بۆ منداڵان بەدیار دەكەوێت و ئەوئەركه گرانه دەبێت هەڵگرێت ، نابێت له ناو بوارەكەدا ( نووسینی )خۆی پێبگەێنێت چونكه هەر هەڵەیەكی بچوك لەم دنیا پەكەداهەڵەی گەورەی مرۆی لێ هەڵدەكەوێت ...بێگومان دەبێت نوسەر ئاگاداری هەموو قۆناغەكانی سەرەتای بوونی منداڵ بێت،

**چونکە قۆناغەکانی منداڵ بەسەر چەندین بەش دابەش بوون**
**هەریەکەو لێکۆڵینەوەو هەڵوێستەی خۆی دەوێت و**
**دەبێت نووسەر بەلایەنی کەم**
**شارەزای هەموو ئەو بابەتانەی سەرەوە بێت**
**تاوەکو ئاراستەو پێگەیاندن و**
**پەروەردەو بیرۆکەو وشەکانی وا وێنا بکات**
**لە هزری منداڵ وەك فلمێکی بینراو وابێت**....

خوێنەری ئازیز...

ئەم کتێبەی لەژێر دەستت دایە و خەریکی کاتت بۆی تەرخانکردووە...
دوو هێندەی ئەو کاتە لەکاتی پێویست تردا کاتت بۆ دەگەرێنێتەوە،
کار ئاسانی تەواوت بۆ دەکات ،نەوەی دوارۆژ ...
هەموو هۆنراوەو ئۆپەرێت و چیرۆکەکانی ئەم کتێبە ئەگەر دوو سێ
دانەی نەبێت ئەگەرنا هەمووی بلاْو کراوەتەوە لە رۆژنامەو گۆڤار و
سایتەکان پەخشکراوە، هەندێکیش لە هۆنراوەکان کراون بەگۆرانی
ئێوەی خوێنەریشرەنگە گوێ بیستیبوون...
هەروەها بەشێکیان لە چەند شانۆگەری منالاْندا بەکارهاتوون ...
ئەوەشم بیر نەچێت ئەوانەی بۆ مندالاْن نوسیومە زۆربەیان لە
دایەنگەکان وەکومەنهەج و بەکاری دێنن...
ئەوانەی بۆ مێرد مندالاْنیشن توشی دەیان کێشەیان کردووم
بەبۆنەی ئەوەی گوایە هانی هەرزەکاران و مندالاْن دەدەم
بۆ لەناو بردنی سیستەمێکی بەناو داد پەروەری ... .

## دیارییە

بەهەموو منداڵە بێنازەکانی سەر ڕووی زەمین ...
هەموو ئەوانەی وەکو من بێناز و بێ وڵاتن و لەژیاندا خۆیان خاوەنی خۆیانن و خۆیان دەبن...
بە (ئاریا) هێشتا لەدایك نەبووە...
بە دایکی ئاریای کوڕم( خیلانی کاروان ) هەمیشە لەگەڵ هەنگاوەکانم سەرکەوتنەکانم تۆختر دەکات...
بەخۆمی بێناز پەروەردەکراو...

***

* لەئایندەیەکی نزیکدا :

**دەروازەیەك بۆ شانۆی منداڵ**

* کتێبێکی مەنهەجییە بۆ قوتابیانی هونەری شانۆ و کۆلێژ و پەیمانگاکانی هونەرەجوانەکان .

# جوتیار

جــوتیارم  تێدەکــۆشــم
کــۆشــشی خۆم دەنۆشــم

هــەوڵ و بەرهەمەکانم
بــۆ خــۆم و نیشــتیمانم

ســەرمایە یەو بە کەڵکە
بەرێخەری گشــت خەڵکە

بژین جــوتیاری وەك مــن
سەرکەوتووبن لەرێی ژین.

ئیران ـ تاران

٢٠١٣/٧/١٤

## پێشمەرگە

پـــارێـــزەری وڵاتــم
تیکۆشـــەری خەبـاتـم
تێدەکۆشم بۆ هەمووان
بۆسەربەرزی نیشتیمان
***

نــایـەڵـم چـی زۆرداره
دووژمنی گــەل ، هەژاره
پـێـبنـێتـە وڵاتـم...
خـۆم فـیداکاری خــاك
***

پێشمەرگەی شاخ و شارم
دە پـارێـــزم هـاویـارم
ناوم پیـشمەرگەی شێره
لـەسـارا و شـاخ دلـێره

دڵنیا بن هەمووتان
گەورە و بچووك منداڵان
بۆ هەموولا پێشمەرگەم
خوێنی خۆم پێشکەش دەکەم

تا ئاشتی بەرقەرار بێت
پێشمەرگە ڕاناوەستێت
چونك پێشتمەرگەی هەمووانم
زۆر دڵشادم لە ژیانم

خزمەتی وڵات وایە
کامەرانی لە دوایە .

ئیران ـ رامسر

سارا : بیابان

٢٠١٤/٢/١٨

## مژدانه...

مـــژدەم پــێ یــە مــنــدالان
مـــژدەی خۆشــی ولاتــمــان

مــن و ئــێــوە لــەم ژیــانــە
لــەو کــوردســتــانە جــوانــە

هــەرکەتەواو گــەورەبــووین
دەست لەناودەست یەکدەگرین

چـــی زۆر دارەو نـــەزانـــە
خــۆی پــێ زۆر پــاڵــەوانـــە

دژی هــەمــووان دەوەســتــین
کــۆڵ نــادەیــن ڕاناوەســتــین

تا ئاشـتــی بەر قــەرار بــێت
هــەژار ژێــر دەســتــە نەبــێت

کۆشــش دەکــەیــن هەمووـمــان
لــەنــاو دەبــەیــن زۆر دارمــان

ئــەوســـا هــەمــوو وەك بـــرا
لەژێــر ســایەی یــەك چەتــرا

دەیــکەیــنــە بــەزم و خــۆشــی
دوور لە تــالّــی و نــاخــۆشـــی .

مۆسکۆ
٢٠١٥/٦/١٩

## هیوای كاروان علی

مـندالآنــی كـوردســـتان
لە پشتــتانم هەمووتـــان

هەمیشــەش هیــوام وایــە
خۆشــبژیـن لەم دنــیایــە

ئێمە دەبــێت چالاك بــین
لــەژیــندا زۆر وریــا بــین

تـاجـی ناخــۆشـی كۆسپە
بیكەینەوە، ئاسەتەنـگە

چونك ئەم ژیانە ئەوهــایە
خۆشــی و نـاخۆشــی تیایە

***

بۆیە بۆمان گرینگە
پشت یەکگرین ...
نەبەزین...

کـورد گوتوویەتی وایە
وتــەیــەکـــــی ڕەوایــە

( بـــرا لە پشــت برابێــت
مەگەر قەزا لای خــوابێت ) .

٢٠١٣/٨/١
کوردستان

## مێشولە

مێــش و مێــشـولــە پیــســن
وریــا بن بــاش بــپــرســـن

بــزانــن زیــانیــان چــیــیــە
پرسینتان خۆش بەختــیــیە

چــونکە هــەربە پــیسیــیان
دەردەکـــەوێــت زیــانــیــان

گــەر لە منــیــش دەپــرســی
وەڵام دەدەم بــە چـــاکـــی

هــۆکــارێــکی گواســتــنەوەن
لـــە پــیــســیــدا کــارامـــە

بەهۆی گواستنەوەی پیسییان
نــەخۆش دەکــەوین لە ژیــان

زیـانـی تــریــشـــیـان زۆره
بــپــرســـه چــاك بــه نــۆره

بێـگــومـان گــەربـــپــرســی
چاكــەشــی هەیە ، نەتـرســی

بــپــرســـه بــۆ چــاكــەكــەی
من پــێم گــوتــی زیــانــەكەی

تـاســەركەوتــوبــیت لــەژیــان
بــپــرســه پــرســیــاری جــوان .

تـركیا ـ مێرسین
٢٠١٥/١٠/٢

# سێو

سـێوم پڕ ڤیـتامینـم
بەسـوودم من لە ژینـم

لادەری دەردە بـــــەردم
بۆ هەمووانیش بەکەڵکم

دڵخۆشـم میوەی جوانـم
لەسەر سفرەو خوانتـانـم

میوەی گشـت وەرزەکـانـم
بە پێ ی ژینگەی ژیـانـم

دەنـا مـیوەی هـاویـنم
لەژیـاندا زۆر شـیریـنم .

تركیا ـ استنبول
٢٠١٥/١٠/١٣

# کوا وڵاتی کورد ؟

سـەیرە کـورد بێ وڵاتە
ئەی کوانێ ئەو خەباتە ؟
وەڵام بـۆ ئێـمـە چـیـیە
گـــەرنـــا درۆی سپـــی یە ؟
ئەی ناڵێن ئێـمە ئـازاین
چـالاك و بەبێ پـەرواین
بۆچـی خـاوەن وڵات نیـن
لەژیـندا ئــازاد نـاژیـن
بڵـێن کــوانێ وڵامـتــان
چاوەڕێین هەڵکەن دەستتان
خـەبـاتە یـان خـەڵاتـە
دەسـتی چەور لەم هـەڵاتە
بـۆیــە نـاڵێـــم وڵاتــە

... .........................

بۆمێردمنداڵان

تركیا ـ ئەدەنە
٢٠١٥/١٠/١٦

## خاکم نافرۆشم...

دڵــم پــاك و فــراوانە
دەژیــم جــوان لەم ژیــانە

هاوڕێ و دۆست و ناسیارم
وڵات و شــار ، هــاویــارم

نــافــرۆشــم بەهیچ شتێك
تــا وڵاتم ســەركــەوێــت

چــونك گــوتویــانە وایــە
نـــا پــاكــی نــارەوایــە

منــیش بــەدڵ ئــامـــادەم
فیداكــاری ئــەم خــاكــەم

دوژمــن و چــەوسێــنـــەران
بڕوخێن نــەژیــن لە ژیــان.

ئیران ـ مهاباد
٢٠١٣/٩/١١

## کەڕ و لاڵ

من بەهێما هەمــوو کـات
دەدوێم و گشت تێم دەگـات

لەهەمــوو زمانێك دەزانم
دڵخــۆش دەژیم لە ژیــانم

هەمــوو کەس بۆمن یــەکە
ڕێزی هەمــووان وەك یەکە

نـابیســتم گەر قســەبکەی
تێــش دەگــەم بە هێماکەی

زمــانم هەیە و نــاتــوانم
قســەبکــەم بـــە زمــانم

بــەمــن دەڵێن کــەڕ و لاڵ
هــەربــژین ئێمەی منداڵ.

ڕوسیا
٢٠ /٦/٢٠١٥

# تەماتە

من تەمــاتەم تەمــاتە
بۆ خــواردن و زەلاتــەم

بەســودم بۆ هەمووتـان
لە هـاویــن و لە زستان

بەردوام سوور و جوانـم
شایــستەی میوانتانــم

لە پۆلیـێنـــــی میــوەدام
کەچی برِکی سەوزە گیـام .

٢٠١٣/١٠/١٧
سنە

# خاكی وڵات

گــوندو شــار و وڵاتــمــان
شــەكــاوەبـــێ ئــاڵامــان

هەوڵی هەر بێ وچا نمــان
بــۆ ژیــان و خــەباتــمــان

بۆ كــوردســتانــی جــوانــە
كەقیــبلــەگای كـــوردانــە

بۆیەبۆ كوردســتانی جــوان
كۆشــش دەكەین هەموومــان

بـا هــەرچــی گــوند و شــارە
ئـــازاد بـــن لــەم گـــوزارە .

# پایز

پایزە گەڵا ریزانە
زەردی دار میوانمانە

وەرزێکی پڕ جوان و خۆش
دەنگی بولبولی پڕ جۆش
جوانیەکەی تایبەتییە
گشت ڕەنگێ بوونی هەیە

پێ ی دەڵێن وەرزی جوانی
وەرزی خۆشی ژییانی

پڕە لە نەغمە و ئاواز
ئاهەنگێگی پڕ لەناز
چەند ڕامێنی لەم وەرزە
دڵت دێنێتە لە رزە

نەساردە و نە گەرمایە
وەرزێکی بێ هاوتایە .

هاواری منداڵانی کوردستان

ئــەوەی خــۆشـــی ژیــانە
ئاشــتی هۆی بوونی ژیانە

بۆیە هــەمــوو هەوڵــدەن
ناخــۆشــی لە نــاو بــبەن

چــونــکــە ئێــمەی مناڵان
نیگــەرانــین هەمــوومــان

تا ئاشتی بەر قەرار بێت
نا خۆشیش لەناو نەچــێت

دڵـخـۆش نــین نیگەرانین
بیــزار و ســەرگــەردانــین

بــۆیــە تکــامــان وایە ...
بەســیکــەن ئــەم هــەرایە

یــەکــگــرن یەکــگرتــووبن
بێــگومان ســەرکــەوتووەبن .

بەرقەرار :نەیەتەجێ ـ نەیەتە بەرهەم
هەرا :مەبەست لەشەڕو کێشەی سیاسییەکانە

٢٠١٥/٥/١٦
کوردستان

# ئەوە چییە ؟

ئـامـرازی گەیـانـدنە
بۆ هاتــوو چــۆ کــردنە

زۆر خێرا و لە سەر خۆیە
پێویستیەکی ئەمڕۆیــە

بە ســوودە بۆ هەموو لا
بیر بکـەرەوە خێـــرا...

زیرەك بــەو بــزانە چیــە
بەڵام ئوتۆمــبێل نییــە.

٢٠١٣/٢/١١
کوردستان

# بۆ منداڵانی هەولێر

منداڵانــی وڵاتــم ...
بێچوە شێری وقەڵاتــم

تێــبکۆشــن لەم ژیــانە
تێکۆشــان هــۆی ژیــانە

هەمــوو دنیــا  پێشەنگە
بە تێکۆشان جەلەنــگە

لە هەولێ بن هۆشیار بن
بێچووە شێری قەڵات بن

هەولێر و هەموو کوردان
چــاو لە ئیــوەن لــەژیان

چونکــە رۆڵــەی نەبەردن
بەهیچ هێزێك نەبەزن ....

# پێشمەرگەی کوردستان

پێشــمەرگەی گەل و خاکم
پارێـــــزەری وڵاتـــم ...

تــێدەکــۆشـــم بــەردەوام
بــۆ ئــاشــتــی بــۆ گــوزەران

ســـــروشــتـــی ناوم وایــه
خۆ نەویســـــتیــم هیـــوایه

بۆیــه ناوم پێشــمــەرگه ...
بێشــمــەرگی ئێوەم چونــکــه

بژین بەخــۆشـــی کـــوردان
ئێمــەین پشــت و پەنـاتـان....

٢٠١٥/٧/١٧
دیاربەکر

# بەهــار

بــەهــار وەرزی گوڵـانــە
دەشت و دەر سەوزو جوانە

دنــیـا ئالٚ و واڵـایـــە ...
چەندیــن ڕەنگی تێــدایــە

بۆیــە دڵخۆشیــن پێکـــڕا
دەچیــنە گــەشـــت و دەرا

هەلٚ دەکەین ئاڵای کوردان
دەکەینە گەشـت و سەیران .

٢٠١٣/١٠/٣
تنکابوون ـ ئیران

# ماسى

من ماسيم له ناو ئاو دا
دەژیم و جوان لەژیاندا

ژیانی من لەناو ئاوە
زۆر دڵگیر و ڕازاوە

دار و درەختی تێدا...
دەژیم و بەبێ پەروا

چۆن ئیوە دەژین لە ژیان
ئێمەش وەکو ئێوە واین

ئەوە بزانن هەمووان
بەسودین زۆر لە ژیان

بۆ ئێوە زۆر بە سودین
پڕلە ڤیتامین ئەی و دین .

## کوردان چۆنن؟

هەستی خۆشی دەر دەبڕم
کۆڵنـادەم ڕانـاوەسـتم

تا هەرچـی هـیوای جوانە
بهێنـمـە دی لـە ژیـانا

ئـەمـە یـاسـای کوردانە
کـۆڵ نـەدان هـیوامـانە

گشتی کوردان هەر ئەو هان
تا سـەرکـەون لـەژیـان

هەرچـی کـوردە لەم ژیـانە
دلـێـر و قـارەمـانـە

هـەوڵـدەدات بـەردەوام
تاسـەرکەوێـت کوردسـتـان .

# کــێ یه ؟

بەخێو کارێکــی مــاڵە
ژیــان بێ ئــەو مەحاڵە

تێدەکۆشێت هەموو کات
تا ئێمە بە خێــو بکــات

ڕێ خۆشی ژیان چێ دەکات
هیچ کات لەبیرمان ناکات

تێ دەکــۆشێت هەموو دەم
لەخۆشــی نـا خــۆشی خەم

زیــرەك بــەو هەڵبــێنــە
ئێستا ناوی بهێنــە.......

مەحاڵ :ئەستم

## ئامۆژگاری کاروان علی

که قــوتا بخــانه کـــرایه‌وه
زه‌نــگــی وانــه لێـــدرایه‌وه

پێویســته‌له‌ســه‌رهه‌مــوومــان
باش بخوێنین بۆ دوا ڕۆژمان...

گشــت له ناو یه‌کیــش برابــین
بــۆ یه‌کــتــری وه‌ك چــرابیــن

ئه‌وسا هه‌موو پــێش ده‌که‌وین
به‌هیچ هێزێك قه‌د نــابه‌زین .

٢٠١٥/٧/٢٣
غازی عنتاب

# باخچەیەکی کوردستان

هێ هێ لەو باخچە جوانە
باخچەی گشت منداڵانە

منداڵان ڕاکەن وەرن
یاری تیاکەن هەڵپەڕن

وەك پەپولەو چۆلەکە
بفڕن ڕاکەن زۆر چاکە

تا هەموومان دڵخۆشبین
بەشادی و خەندە بژین

ئەوسا دەڵێین هەموومان
بژی کوردستانی جوان .

## چەژنی ژیانەوە

چــەژنە واچــەژنی قوربـانە
قــوربـانــی بــۆ خــودامــانە

چەژنێکی پــیرۆز و خـــۆشــە
هەر هەمووما‌ن دڵمــان خۆشە

بــۆیە هــەمـــوو لــەم ڕۆژە دا
دەست لەنـــاو دەست وەکو بـــرا

نـاخۆشی و قین لەناو دەبــەین
دەست بەخۆشی و شادی دەکەین.

***

هەمــوو هەربەخــێر چاکە
کاردەکەین بۆ دوارۆژ چاکە

مــندالآن گــەورەش هــەر وا
ئاشــتی دەکەین لە گەلّ برا

بۆیە هەمــوومان دلّخــۆشــین
بەرگی راستــی سپــی پۆشــین .

بۆ مێردمندالآن

## بۆ منداڵانی کوردستان

مـنداڵـانـی کوردسـتان
هەر خۆش بژین لە ژیان

ئـێـوە چـرۆی دوا رۆژن
هیوای گشت گەل و هۆزن

تێبکۆشـن بە جوانی ...
بەخـۆشـی و شـادومـانی

تـەنـها ئـێـوەن بتوانـن
ڕابەر و ســەرکـردەبـن ...

تـکـام وایە هەمـووتـان
دوور بـن لە کێـشە و زیان

بخـوێنـن و هـۆشـیار بن
دوور لە کیشەی ئێـستا بن .

## هاواری منداڵێك

گەر مـنداڵـم منـداڵی کـورد !
ژیرم مـەردم تەنها بـۆ کـورد!

بەڵام چی بکەم گەلی کـوردم؟!
مافم دەخۆن چـی بکەم مـردم!

کەسـێـك نییە بێ بەفریـام!
چارەم  بکات چی بکەم خنکام!

گەورەو سـەران تەنها بۆ سـك!
دەژیـن دەمـرن هاوار  بۆ سـك!

شـــەڕە و شـــــەڕی پۆســـتـــيانە؛
چەژنيـش تەنهـا بـۆ ئـەوانە؛ .

هەميـشـــەش مــــندالْی ئـــەوان؛
لە ســـەر ســـــەرن لە بـــۆنەكان؛

منـــيـش مـــنـــدالْــێكـــی هـــەژار؛
دەگريـــم بـــۆ يەك دانـــە ديـــنار؛

كوانـــێ خۆشـــی چـــەژنـــی ژيـــنم؛
دەبـــا بـــمرم هــــەر نـــەمێـــــنم؛

بۆ: مێردمندالاْن
پۆست :پلە ـ مەنصەب

## سەری ساڵ

وا سەری ساڵ هاتەوە
یاخوا بەخێربێتەوە

ساڵی خەندەو خۆشیبێ
سەرکەوتنمان قسمەت بێ

پێویستە وەکو گەلان
تێبکۆشن بێ وچان

دەبێ هەردەم هەوڵدەین
ژیانی خۆمان خۆشبکەین

سەرکەوتن هیوامانە
لەژیان و قوتابخانە .

قسمەت : چارەنووس

# زانین چرایە

ڕێــگــای ژیــان گرانــە
بۆکـەســێ کـەنەزانــە

بزانــن ئـێـوەی مـندالْ
بەزانـین ناچـنـە چـالْ

بۆیە هەمـوو هەوڵـدەن
زانیاری نـوێ پـەیداکەن

چونکـ ئەم ژیانە گرانە
بەس بەزانـین ئـاسـانە .

ناچنەچالْ :تێنەکەوتن

٢٠١٥/٧/١
استبول

# چۆلەکەو بەفر و باران

جیو جیــو جــیو چۆلەکە
ڕاکــەو بفــڕە خــێــراکە

ســــەیــرکە وابــارانــە
هەوری بــۆر لەئاسمانە

خــۆ پارێز بە لە ژیان
گرج و گۆل و چالاکوان

بــفڕە هــەر بە ئازادی
خۆشبین بە تـا دەتوانی

بەفــر و ڕهیــڵــەو بــاران
سەرما هێــنن بۆ لە شمان

بــۆیە باش ئاگــادار بــە
وریابە و زۆر چــالاك بە .

# تابلۆ

ئەم دیمەنە چەند جوانە
شـــارمـــان جێـگای ژیانە

گوڵ و گوڵــزار و دەشتــی
چیمــەن و باغ و گەشتــی

یەکجــار جوان و قەشەنگە
بۆیە وولاتمان پێشــەنگە.

٢٠١٣/٩/١٣
بۆکان

## بەهار بوکی وەرزانە

مــن بەهــاری جــوانــم
بوکی چوار وەرزەکانم

مــن بەهارم... بەهارم
هێمای ئاشتــی و ژیانم

لە دوای زســتان دێمەوە
زەوی دەڕازێـــنــمـەوە

نــەورۆز لە وەرزم دایــە
خــۆشــیــم کۆتایی نایە

پـــێتان دەڵێــن پیرۆزە
خۆش بژین ئەم با وەرزە.

# نیشتیمان

نیــشــتــمان ...لانــەی ژیان
دایکی هەموو... دایکی کوردان

بـــەڵـــێـــن دەدەیـــــن...
دەســـــــت بـــەر نەدە یــــن

تـاوەکو سەربەخـۆت نەکەیـن
بێگـومانــبە پشـوو نـادەیـن.

بۆ: مێردمنداڵان

٢٠١٤/١٢/٧
تـاران

## مامه و بابه

مـامــم بــرای بـابه یـه
بـابەش بــرای مامـه یـه

هەردووك به هێزو توانــان
زۆر چــــالاكن لەژیـــان

پشتــی یەكــدی بەر نادەن
بۆ هیــچ شتێك كــۆڵ نادەن

دەژیـــن زۆر بــه ئـــارامـی
لــەژیـن بــێ نیـگـەرانـــی

هــەردەم پێــشــەنگ و وریان
نـــا بـــەزن لـه گــۆڕەپـان

چــــونــكه دووبــرای جـــوانن
پشــتــی یەكدی و هــاوشــانن

یـــارمـــەتـی یەكـــتـری دەدەن
هــــەردەمە هــــەوڵـــــدەدەن

بـــــۆیــه چـــالاك ووریــــــان
هـــەردووك بــەهــێزو تــوانان.

٢٠١٣/١/٣
كوردستان

# سەرتاش

من سەر تاشم ... سەرتاشم
سەری خەڵکی دەتاشم
کارم پیرۆز و جوانە
کامەرانم لە ژیانا
خزمەتی خەڵکی دەکەم
پارووی نان پەیدا دەکەم

بە سەر تاشین دەتوانم
بژیم زۆر جوان لە ژیانم

چونکە کارێکی باشە
هیچ کەس لێ ناکات حاشا
ڕێ پێدراو و بە کەڵکە
کارم خزمەتی خەڵکە
بژین هەموو ئەوانە
کە کاسبن لەم ژیانە.

# خاك

مـنداڵان ئاگــادار بــن
هێــوربن و هۆشــیار بن

بیــپارێزن ئەم خــاكـە
خـــاك وەكـــو دایـــكە

مافــی زۆر لە ســەرمــانە
رێزی خاك ســەرچاومانە

گەر میللەت خاكی نەبــێت
ژیانی بەهــەدەر دەچـــێت.

## جەژنی منداڵان

ڕۆژی جـیـهـانی منداڵان
یەکی شەشە هاوڕێ گیان

لـەم ڕۆژەدا گـشـت دنیا
پەیـمان دەدەن و پێکـرا

کـەمـافـمان بـپارێـزن
ڕێــزی زۆرمــان لێبــگرن

هەرچــی ســوودی بــۆمانــە
بیــکەن بۆمــان لە ژیــانە

دوورمان کەن لە زۆر داری
لــە لێــدان و دزکــــاری

لــە هەمــوو ئــەو کــارانە
کەزیانــی زۆر بۆ مــانــە

ئەمـڕۆ وا یەکـی شـەشـە
بـۆیـــە دڵـــم وا گـەشـــە

چـونـکە هـەر لـەم ڕۆژەدا
مـافـم جـێ بـەجـێـکـرا

کـە دووربـم لـە زۆر داری
لـەســتـــەم و دار کـاری

لـــە کـارە گـــرانـەکـــان
کـە بـە زیـانـە لـەژیـان

بـۆیـە لـەسایـەی مـافـم
دەتوانـم کـە تـێـکـۆشـــم

مافمە خوێندن تەواو کەم...
چـالاکی خـۆم نیـشان دەم

مـافـی خۆشـمـە لـە ژیـان
خـۆش بـژیـم لـە گـوزەران

مافمە هەرچی پێویستە
لە ژیان زۆر گرینگە

بۆم ئامادەو بەجێ بێ
تا ژیانم راستە ڕێ بێ

***

هەموو ڕۆژێك لە ژیان
وەكو یەكن هاوڕێ گیان

یەكجار گرینگن لە ژیان
هەرچی هەیە بۆنەكان

بۆ مەبستێكن لە ژیان

هەیانە یادی گەلە
بۆ گشت تاكێك سەروەرە

هەیە یادی مەرگی یە
كارەساتی گشتییە

هەشیانە چەپڵە ڕێزان
خۆشییە بۆ هەموو مان
هەشە یادی کرێکارە
ڕۆژی کرێکارو زار
یەکی شەشیش هەروایە
یادێکە لەم دنیایە
چونکە هەر لەم ڕۆژەدا
مافمان جێ بەجێ کرا
بەڵام تەنها بە قسە
کەم شت جێ بەجێ کرا
ناومان لەم ڕۆژەدا ناوە
جەژنی مافی ڕازاوە
واتە مافی منداڵان
جەژنی منداڵی جیهان
راستە کە ئەوها باوە
وانەبێ نا تەواوە
ڕۆژی جیهانی منداڵان
پیرۆزە لە هەمووان....

# کیسەڵ

کیــسەڵ هاتــە بە ردەمــم
وتــی : مــن زۆر شــەرمنــم

چیبــکەم بــۆ ژیان و ژینــم
تــا هۆشــیار خــۆم ڕابێــنم ؟

گــوتــم : بــڕۆ خیــێراکــە
کتێــب هاورێــیەکــی چــاکە

بــڕۆ کــتــێــب بخــوێــنــە
لــەژیــان خــۆت بسەلــێنــە

دەنــا هــەر وا ژیــن دەکەی
ژیان خــۆش گــوزەر ناکەی

گەر دەتەوەێ هۆشــیار بی
کارامــە و زۆر چالاك بی

خوێندنەوەو گوێ ڕادێـران
بــە ســوودن بــۆ ژیــانــمان

چونـکە تەنها بەم دووانە
نەخــشــی ژیــان ئــاســانە

ژینی هەمووان خۆش دەبێ
گەر زانینمان پێشەنگ بێ

ئــێــســتا بــڕۆ خــێراکــە
هاوڕێ ی زۆر باش پەیداکە

کیسەڵ زۆر جوان هاتە گۆ
دانیــشت و دەســتەو ئەژنۆ

ســودم بــۆ خــۆشــم نابــێ
نــابــێ ژینــم ئــەو هابــێ

بــۆیــە مــــن بــڕیــار دەدەم
هــاورێ ی نوێ پەیــدابــکەم

گوتم : هاوڕێی نوێ وەك كێ
كیسەڵ : كتێب ...نا كێ
گوتم : ئەوە زۆر باشە
تۆ دڵخۆشی ئێستاكە؟

گوتی: بێگومان وایە
ژین بە كتێب ڕەهایە ...

گوتم :گەر تۆ هاوڕێی كتێب بی
بێگومان سەركەوتووەبی
بۆیە باش ئاگاداربە
زیرەك و زۆر هۆشیار بە
نەكەی لەڕێگای ژیان
چۆك دابدەی لە كاروان...

كیسەڵ: نا من بڕیاری خۆم دا
خۆش بژیم لە ژیاندا

كتێب هاوڕێی ژیانم بێت
ڕێنوێنی و مامۆستام بێت .

# پێشبڕكێ

قەلە ڕەش دەفڕێ زۆر جوان
گـوتـی مـنـم بـێ هاوشـان

كـەس بـە فڕیـنـم ناگات
خۆمـم پـاڵـەوانـی چـاك

هەڵـۆ گـوێی لە مانەبـوو
خـێرا هـەر بـێ یەك و دوو

هـاتە بـەردەم قەلەڕەش
گوتـی : پاڵەوانی سەركەش

دەی با پێـشـبڕكـێ بكـەین
پاڵەوانـی نـیـشان دەیـن

مـن بیستومـە تـۆ زۆر كات
دەنـازی لـەژیان زۆر چـاك

قــەلــەڕەش بــە گـــغە گــغ
گوتــی : وایە مــن هــەروام
مــن پــاڵــەوانــی دنـــیــام

کــەس بــەفڕیــنــم نــاگــات
زۆر چــاو تــیــژم بــۆ خــەبات

لـــەم دارســـتانــە پـــانـــە
وێنــەی مــن بــێ هــاوشــانــە

هــەڵــۆش بــە بــاڵــەکانـــی
خــۆی تەکانــد زۆر بەجوانــی

هـــاواری کـــرد هــاوڕێــیان
کـــۆبـــبنــەوە هــەمــووتـــان

لــە دوای کــەمــێــك ڕاوەستان
کــۆبــوونــەوە گـــیـانــداران

هەڵۆش گوتی : هاوڕێیان
قەلەڕەشی بێ هاوشان
ئا مادەی پێشبڕکێمان

بۆیە من بڕیار دەدەم
پێشبڕکێی لەگەڵ بکەم

ئێوەش جوان تێڕامێنن
پاڵەوان هەڵسەنگێنن

قەلەڕەش هاتەوە گۆ
نەوەستا دەستە و ئەژنۆ

گوتی : من قەلەڕەشم
پاڵەوانی سەرکەشم

هەرکێ دێ بۆ پێشبڕکێ
سەر شۆڕی بۆ دەنیشێ

بـــۆيـــه مـــــن زۆر ئـامـادەم
پـێـشـبڕكـێـكه ئەنـجام دەم

گـــيانـداران چـه پـڵه ڕێـزان
كـــرديـانـه بـەزم و سـەيران

هەڵـۆش يەكـــجار بەجـوانــى
ڕووى كـــردە هـــــاوڕێـكـانــى

بـــــراوەى يـەك لـــەم دوانـــه
شـــايــستـــەى دارســـتـــانـــه

دۆڕاويـــــــــش بـــــۆ دەرەوە
بــا هـــەرگـــيـز نـەيـەتـەوە

قـەلـەڕەش بـه گـــغه گـــغ
گـــوتـــى : ئـەمـه زۆر بـاشـه
كـــه دۆڕاى نەيــكەى حـاشـا
بـولـبولـــيـش جـريـوانـدى
گـوتى بێشبڕكێــكه چيـيه چى ؟

ـ قەلەڕەش گوتی خێرام
لەفڕین زۆر بێ هاوتام

پێشبڕکێ فڕین دەکەین
ڕاستییەکەی نیشان دەدەین

کوندەپەپو بۆ هاتە گۆ
گوتی : ئەمە زۆر چاکە

بڕیار دەدەم ئێستاکە
بڕۆن تا سەر دارستان
گوڵێ بهێنن بۆمان

مام ورچ باغەوانە
وا لەوسەر دارستانە

بچن گوڵی ئەو بێنن
کۆتای بەمە بێنن

کـیسـەڵ گـوتـی : چ گـوڵـێك
گـوڵ زۆرن لـەچ ڕەنـگـێـك

کـونـدەپـە پـۆ هـاتـە گـۆ
گـوڵـی سـپـی ڕەنـگ و بـۆ

کـە گـوڵـێـکـی جـوانـە
مـام ورچ خـاوەنـیانـە ...

هەردووك جوان ئا مادە بوون
چـاوەڕێـی پێشـبڕکـێ بوون

گیانداران :دەی دەست پێبکەن
پـێشـبڕکـێکە ئەنـجام بدەن

کـونـدەپـە پـۆ چـووەپـێش
ئـامـادەی کـردن بـەڕێـز

تـاسـێ دەلـێـم بـفـڕن
دەی زۆر بـاش ئـامـادەبـن

کونده‌په‌پۆ : یەك دوو سێ
فڕین زۆر بەخێرا و جێ

هەڵۆش بە باڵەکانی
خێرا دەفڕی بەجوانی

زۆر لە پێش قەلەڕەش بوو
قەلەڕەش ماندوو بوو بوو

دەی ویست زیاتر خێرابێ
هاوشانی وەك هەڵۆ بێ

چاوی نوقاند و خێرا
خۆی کێشا بە دارێکدا

کەوتە سەر زەوی بێدەنگ
باڵی نوشتاوە بێسەنگ

هەڵۆش سەرێکی کرد ،وا
چەند لە پێش ترەو خێرا

بـیـنـی کـەوا قـەلـەڕەش
کـەوتـووە چاو سپی و گەش

خـیّـرا هـاتـەوە بـۆ لای
یـارمـەتـی دابـێ بـەلای

بـردیـیەوە لای هـاوڕێیـان
کردیـانە هـەرا هـەمـووان

چـی بـووە ؟ چـی قـەومـاوە
بـڵـێ قـەلـەڕەش مـاوە ؟

هەڵۆ : بەڵێ بەڵێ هیچ نییە
تەنـهـا کەمێـك مانـدییـە

خـیّـرا بـەدەم کـەوتـبـوو
بـەلام زۆر لـەدوای مـن بـوو

دەیویست بگاتە توانام
بفرێ و خێرا بێتە لام

بۆیە چاوی نوقاند زوو
تا نیشاندا بازوو زوو

چونکە بەخیل بوو دۆڕا
خۆی کێشا بە دارێکدا

بۆیە چاوی بە خوێنەوە
بەخیلکار بێ کالێنەوە

لەو کاتە دا قەلەڕەش
چاوی جوان کردەوە گەش

من... من ئێستا لە کوێدام
خۆ ماوم ولە ژیاندام

گـیانداران گـشت  پێـکەنین
ڕێـزی تـۆش هـەر دەگـرین

قـەلـەڕەش گـشت بـبـورن
بـەخیـلی یانـی نـاوچوون

چـیتر شـەڕیـش نافرۆشـم
خـۆ بـە زلـزانـیـش نابـم ...

هەڵـۆ و هەمـوو گـیانداران
کـردیـانە بەزم و سـەیران .

بێ کالێن :بێ سەروشوین و ماڵ و جێگا

## سەری ساڵی زاینی ...

گوێ بـگرە ڕۆڵەی جوانم
نـەوەی دوا ڕۆژی ژیـانـم

ســـەری ســـاڵی زایـنـی
بۆت بـاســدەکەم بەوردی

ئەم ســەری ساڵە جـوانە
دەسـپێـکی مەسیـحمانە

مـەســـیح کـەنـێردراوە
نـاوی عیـسای لـێنراوە

ئـەم یـادە یـادی ژیـانە
ژمــاردنـــی کـاتـمانـە

تــا بـزانـین هـەمـوومان
چـەند ساڵ دەژین لە ژیان

ســاڵــی لە دایــك بوونــی
بــوە دەستــپێــکی ژیــنــی

ژینی مەســیح بۆ هەمووان
زۆر گــریــنگە لــە ژیــان

پــەیامی ئاشــتی و ژیانە
تـا خۆش بژین لەم ژیانە

بــەڵام ئــەوە بــزانن ...
هەڵــە نەکەن نــەی زانن
ئــەم ســەری ساڵە جوانە
کەیــادی مەســیح گــیانە
نــە پــیرۆزە و نــە جەژنە
بەڵام پــرسەنگ و پەندە
دوو جــەژنەی موســڵــمانە
ڕەمـــــەزان و قوربـــانە
نــە ســەری ســاڵ و نەورۆز
جەژن نــین ئەی گەل و هۆز .

# هاااوووااااارررر

ڕاکــەن وەرن هەمــووتــان
سەیرکەن ئـاڵای جوانتـان

بێ کەســەو نـا شەکێتەوە
دڵ پــڕی نــابــڕێــــتــەوە

خــاوەن هــەزار شــەهیــدە
کەچــی هێشــــتـا ڕاکــیدە

بــزانــن ئێــوەی هەمــووان
ئــەگــەر ئێــوەی مــنداڵان

ئــاڵاتــان شــەکــاوەکــەن
دووژمنــتـان لــە نــاو ببــەن

دەنــا هــەتــا هــەتــایــە
وڵات قــەت بەدەســت نـایــە .

ڕاکید :بێ هیوانەبوون

# هاوڕێیەتــی

کچ : هــاوڕێ گیان نیگەرانم
دڵتــەنــگ و پەرێشــانم

کوڕ : بۆ دڵتەنگی هاوڕێ کەم
چــیت بویٚ بۆتی دەکــەم

کچ : واهەست دەکەم لێم تورەی
بێ دەنگی و پەستە دیدەی

کوڕ : نا هاوڕێکــەم مــن باشــم
چــــالاکـــــم و ڕێـــچاکـم

کچ : ئــەی بۆچــی نــیگــەرانــی
دڵــتــەنــگ و پەرێــشــانــی

کوڕ : دەتـرســم ڕۆژێـك دابــێـت
ژیــان لــێـك كــردبــێت

**کچ : ئەها!ناگیانەکەم قەت نابێت**
**چۆن ! شــتــی ئــەوها دەبێــت**

**کوڕ : چاکە ... من و تۆ تـا هەتـایە**
**هــاوڕێیــن ئەلــەم دنــیایــە**

**کچ : منــیــش ســوپاســت دەکــەم**
**تـاکو هــەم لــێو بەخەندەم .**

**بۆمێردمنداڵان**
**پەستەدیدە:کەسێك نیگەرانی لەچاوی بباریێت**
**ڕێچاك: کەسێك بەکارەکانی هەڵسێت.**

# پاڵەوان

زۆر بـەهـێز و تـوانـایە
هــێـزی زۆری تـێـدایـە

بـۆیـە هـەردەم لـە ژیان
کـار دەکـات بـۆ گـوزەران

شتـی گـران هـەڵـدەگـرێ
هیـچ کاتـێك ڕانـاوەستـێ

کـەچی یـەکـجار بـچووکـە
بـەهــێـزەو زۆرچـا پـوکـە

هــەیـانـە ڕەش و ســـوورە
هـەردووکـیان هێزیان زۆرە

سەیرەکەی لەوە دایە
کێشی چەند بێ ئەو وایە

دوو بەقەد خۆی هەڵدە گرێ
هیچ شت هاوشانی نابێ

گیاندارێکی بچوکە
بەڵام یەکجار چاوپوکە

ئێستا دەزانن چییە ؟
نا نا قالۆچەش نییە .

١٥ /١٢/٢٠١٤
تاران

# دوا ڕۆژ

بژیــن لــه ژیــان به چــاكه
نه‌هـــی بكـه‌ن لــه‌خــرا په

تــا ســـه‌ركـه‌ون لــه‌ژیــان
بـــبـه‌نـــه‌وه دواڕۆژتـــــان

چـونك ئه‌م ژیانه بیٚ نرخه
هه‌ر كیٚـشه‌یه‌و بیٚ كـه‌ڵـكه

گه‌ر نه‌یكه‌ی به‌كیٚڵگه‌ی باش
ده‌گـــوزه‌ریٚ ڕیٚ بـــه‌چــاخ .

بۆ:میٚردمندالاٚن
ڕیٚ به‌چاخ: ناخۆشترین ڕیٚگا

# ڕێگـا

یەك دوو پشت یەك گرن خێرا زوو

سێ چوار پەنا بەخوا هەزار جار

پێنج شەش خوا لاماندا لە ڕێی ڕەش

حەوت هەشت چارەنووسمان بێ بەهشت
نۆ و دە خودا یـارمـەتـیـمـان دا

پانزەو دوانزە لەو لاوە ئایـنـمان زۆر تـــەواوە

سێزدەو چواردە ڕوو گەشن موسڵـمانـان سـەرکـەشن

پازدە و شانزە وەك بران تـێدەکـۆشـین لـە ژیـان

حەڤدەو هەژدە لە دوا دێر ژیا نمان هەرپڕبێ لە خێ
نـــۆزدەو بـیـستـی کۆتـای سـەرکاریـن لەژیـان ڕای .

# گەشت و بینینی هەورامان

ئــاوێســەری هــەورامــان
بــێ وێــنەن لە جوانی دان

سروشــتی جوانــی دڵــگیر
بەڵخ و تەوێڵەی هەڵــگیر

جــوانــیتان نــا بــڕێتەوە
نــاوتــان دەگــەشێــتەوە

بــیارە و دەشــتی جوانــی
ڕازاوەی هـــەورامـــانـــی

چەند بنوســم هەورامان
پێــناس نابــن لەخامان

بۆیە هەر بۆ منداڵان
دەڵێم دڵگیرە ڕەنگیان

چەندە تێییان ڕامێنی
بێگومان سوردەمێنی

بۆیە هەرچی دەشتییەتی
شایستەی گەرچییەتی .

گەرچیەتی :گەشتیار

هەورامان
٢٠١٦/٤/٣

# زمانی كوردی

قــوتــابـــيان بــەهــێمــنی
دەخــوێــنــن وانــەی كـــوردی

بــۆیە بــا گــشت هــەوڵــدەین
زمــانی كــوردی پــێشــخــەین

چونــكە گــەر زمان پێشخەین
لــە هــیچ شــت هەڵە ناكەین

دەبا ئێستا دەست پێ بكەین
قــۆڵ و بــازوومان هەڵــكەین.

# یادی سەری ساڵ

وا ســـەری ســاڵ هــاتــەوە
یــاخــوا بــەخــێربــێــتــەوە

ســاڵی خەنــدەو خۆشی بێت
سەر کەوتنمان قسمەت بێت

تــا ئــێمــەش وەکــو گــەلان
تــێ بــکــۆشــین بــێ وچــان

دەبــێ هــەردەم هــەوڵــدەین
ژیانــی خــۆمــان خۆشبــکەین

***

لـەم سـەری سـاڵـە جـوانە
کـەیـادی گـشـت جـیـهـانە

خـەڵـك دەچـننە نـاو شـار
گـەورەو بـچـوك بـێ ژمـار

دەکـەیـن خـۆشـی و پـیرۆزی
دەبـەخشـین خۆشـەویـستـی

یاخـوا ئەم سـاڵ جیاواز بێت
ژیا نمان هـەردەم خەندە بێت.

# نەخوێنین هیچ نازانین

کاتێک پشوو تەواو بێت
ئینجا نۆرەی خوێندن دێت

پێویستە لە سەر هەمووان
بخوێنن بۆ دوارۆژمان

خوێندن هۆی پێشکەوتنە
هۆی سەربەرزی بێ بنە

هاوڕێیان با دەست پێبکەین
دەست بە خوێندنەوەو خوێندن کەین

چونکە وەکو ئاشکرایە
خۆشی لە خوێندن دایە

کاتێکیش کە دەخوێنین
هەرگیز سەر دانانەوێنین

بـــــۆ كـــار و بـــۆ دوارۆژمــــان
ســــەر دەكـــەویـــن لە ژیـــان

بــــەلاَم دەبـــــــێ بـزانـــن
نـــەخـــوێـــنن هـــیـچ نـازانـــن

ئـەوسـاش هـەردەم ژێـر دەسـتین
بــەهـیچ شـتـێك نـاوەسـتـیـن

بـــێ وورەو بـــێ تـوانـابـــین
هـــیچ كـــات خۆش بەخـت نـابین

چـاومـان لـەم لاو لـەو لا بێـت
بـەرهـەمـی خـۆمـان نـابــێـت

بـــۆكـــوشـتـــوكـالْ و پـیـشــه
ســـەردانـــوێــنـیـت هـەمـیـشه

بـــۆچـــی دەبـــێ ئـــاوابـــین
بـــێ ولاَتـــی خـــۆمـــان بـــین

گەر بەباشی نەخوێنین
چیش هەبێ دەی دۆڕێنین

لە ئالاو لە کوشتوکاڵ
لە ماڵ و لە زەوی و زار

هەر هەموومان لێ دەڕوا
دووژمنیش هەروەکو با

دێ و زوو ڕامان دەپێچێ
چیمان هەبێ دەی نۆشێ

دەی با باش ئاگادار بین
ڕۆڵەی کوردێکی شێربین

هەوڵی زانست دوا نەخەین
تا پەکی وڵات نەخەین

من لێرە بەڵێن دەدەم
خوێندن بە باشی بکەم

تا بتوانم ئایندە ...
بڵێم ئاسۆ بڵندە ...
بڵێم ئێمەش وەك گەلان
دەژین لەژین بێ ووچان

هاوڕێیان دەی بەڵێن دەن
خوێندن بە باشی بکەن

چونکە هەر من بەتەنیا
خۆزگەم دەبێ بەبریا
سوپاس ئەی هاوڕیانم
خۆری جوانی کوردانم
هاوڕێکانم با ئێستا
بەڵێن بدەین بە خودا
لە پێناو خوێندن دابین
هەمیشە وەکو خۆربین
تا ئالاَ و کوردستا نمان
بناسرێت لە گشت جیهان.

٦ /٣/ ٢٠٠٨
کوردستان

# چــــــرا

ئێمه مـنداڵـی جـوانـین
بـۆ ئایـنده ...ژیـانـین
ئایـنده‌ی كـوردستانـمان
به‌نده به‌ده‌ست هه‌موومان
با هـه‌موومان تێكۆشـین
سـڵ نه‌كـین و نه‌نۆشـین

چونـكه ئه‌م كوردستـانه
وا پـێویسـتـی پـێـمانه

بـۆیه ده‌بـیـێت هـاوڕابین
بــۆئـایـنـده چـرابـین
تــا هه‌موو كوردنـشینان
خۆش بژین له كـوردستان.

٢٠١٤/١٢/١٨
مهاباد

## من كەروێشكم

من كەروێشكم نەرم و نۆڵم
لە یاری دا گرجــوو گۆڵــم
تووكەكەم نەرمــوو جوانە
حــەزیــشــم زۆر لــە ژیانە
خــر پــن و بــچــكــۆلانــەم
یــاری زۆر خــۆش دەزانــم
حــەزم بــە وەرزی بەهــارە
لــەنــاو بــاخ و گــوڵــزارە
بــەدوو چــاوە گــەشــەكەم
ژیانــی خۆش بەڕێ دەكەم
بــە دارســـــتــانــدا دەڕۆم
گــێــزەری نــاسـك دەخــۆم
ژیــان ئــاوا بەســەر دەبــەم
ئــازاری كــەســـیش نــادەم .

# گوڵ و دڕك

لــه نــاو باخــێكی جــوانــدا
گــوڵ جــوانی خۆی نیشانــدا

زۆر جـــوان و ڕازاوه بـــوو
دڵــیــشی گه‌لــێك خــۆش بوو

دڕكــێــكی بــه‌خــیل زانـــی
گــوڵ لــه خــۆشــییه ژیانــی

بــۆی كه‌وته پــیلان گــێڕان
ئــه‌زیــه‌تــی دا گوڵــی جوان

جــنــێــوی زۆری پــێــیــدا
به‌ڵام گــوڵ خۆی تێك نــه‌دا

***

گوڵ ڕۆژ بە ڕۆژ جوان دەبوو
دڕکـیش ناشـیریـنتر دەبوو

پـیـشەی بەخـیل هەر وایە
دڵـخـۆش نـییـە تـامـایـە

بـۆیە دەبیـّت دڵ پـاك بـین
تـاكـو لـە ژیـانـدا مابـین

مـنـداڵان ئـیـّوەش وابـن
تـاوەكـو خـۆشـەویـست بـن .

## لەیلا قاسم

سەیری ئەو کچە لاوە
دەڵێی شێرە جەنگاوە

لە ناو مێگەلێ شێردا
بەتاق و تەنها بێدا

دەت گوت گوڵی کوردان بوو
سوارچاکی بێ هاوشان بوو

منیش وەك لەیلا قاسم
مافی خۆمان دەناسم

بەڵێن بێ بۆ نیشتیمان
قوربانی دەین بەچاوان

قـــوربـــانـــيمـــان زۆر داوه
رێـــگـــامـــان لـــێ گـــيراوه

بەڵـێن بـێ سـەربەخـۆبـين
تـــاوەكـو سـەركـەوتـوەبـين

هـەمـيشـەش هـەوڵـبدەيـن
تـا مافمان دەسـتە بـەركەيـن

دەبـــا هـەمـــوو وەك لەيـلا
ڕانـــەوەســـتـين لـە ژيـــندا

خـاكـی كـــوردسـتـانـيشـمان
سـەربەخـۆكەيـن بـۆ كـوردان .

بۆمێردمندالان
بێدا :بەتەنها

٢٠٠٣/٢/٣
كوردستان

# کارگەی ژینگە

دار و درەخـــت گـــریـــنگـە
پـــارێـــزەرە بـــۆ ژیـــنگـە

هەرچـی هەوایەك پیس بێت
بـۆ خـۆی هـەڵـی دەمـژێـت

بـۆیـە دەڵـــێـن کـارگـەیـە
چـونـك پـیسی کـوشنـدەیە

دوانـە ئـۆکـسیدی کاربـۆن
هەڵی دەمژێت ، بەسەر چوون

هـەوای پـاکـامـان دەداتـێ
کـار دەکـات ڕانـاوەسـتـێ

بـۆ یـە بـا هـەرچـی دارە
بـیـپارێـزیـن لـەم شـارە

هەم جــوان و  هــەم گــرینگن
بــۆ ژیــا نمان زۆربــەکەڵــکــن

بــەدارو درەخـــتی جـــــوان
شـــــار جــوانتر دەبێت لامــان

بــیــپاریــزە ژیــنــگەی جــوان
تــا دلــخۆشــبین هەمــوومــان .

٢٠١٦/١/١
کوردستان

# میوان

میوانم لە میواندارى
لە سەردانى خزمانى

بێ دەنگ و گوێ ڕادێرم
بزێونیم ... هەڵە بژێرم

گەر پێویست کات
جوان دەدوێم

لە سەرخۆ
زۆر نا بزوێم

تاشرین و جوان بم
نەك ناشرین و نەزانبم

***

**ڕەوشـــتــی مـیــوان وایــە**

**١: بەرێــزبــێت**

**٢: هـــێوربــێت**

**٣: دوێنەربــێت**

**هۆشـیار و زۆر چالاك بێت**
**كاتــی خــۆی دیاری بــكات**
**هیچ كەسیش وەرەس نەكات**

**ئـەمـانـە ڕەوشـت مـانـن**
**لــە مـیـوانـی دا جـوانـن**

**بـۆیـە هـەمـوو ئـەو هابن**
**تــاشـــریـن و دانــابـــن .**

٢٠١٣/١٠/٢٠
تــاران

# خـــاك

خــاك ســـەرچـــاوەی ژیــانــە
وەك چــۆن ئــاو پــێویــستمانە
لــە ســـەر خــاك و وڵاتــمــان
فــیـدا دەکــەیـــن ژیــانــمان
ئــەگەر خــاکــی خــۆت نەبــێت
ئــەی چــۆن وڵاتــمان دەبــێت؟

بــۆیــە بـا گــشـت هەوڵــدەیــن
خاکی کورد دەست نیشــان کەین

ئــەو ســاش هــەر هــەوڵبدەین
داهـــاتوو بــونــیاد بـــنەیــن
دوای ئــەمــانــەش ئــاڵامـــان
هەڵدەکەیــن لەســەر ســەرمان .

بۆ:مێردمنداڵان

٢٠١٥/٦/٢٢
کرملین ـ ڕوسیا

## چەژنی قوربان

چــەژنــە وا چــەژن هــاتــەوە
بــەخــۆشــی و بەخــێر هاتەوە

وا وادەی ســالْــێکــی نــویٚ یــە
مــژدەی ئــازادیــشــی پــیٚ یــە

ئەم چــەژنە چەژنی هەمــووانە
هی کــورد و هەرچــی ئیــنسانە

دەســت پــیٚکــێك و ســەرەتــایە
خــۆشـــی کــۆتــای هەر نــایــە

خــۆشـــی و چــەژنــی ئــازادییە
ئـــازادی مـــرۆڤـــایـــەتـــییـــە .

ئینسان : مرۆڤ

# بە کارهێــنەر

ســەیــارە ئۆتــۆمــبــێلــە
سودی هەر گەلــێك زۆرە
وەك مــوبــایــل ئــاســایــە
ئــاســنكــاری لــە دوایە
ئەم دووانە زۆر گرینگن
لە ژیاندا زۆر بەکەڵکن
کار ئاسانــی زۆر دەکەن
خــزمەتــی مــرۆڤ دەکەن

ئوتومبــێــل و مــوبــایــل
دوو ئاسنــکاریــن زاهــیل
بۆیە دەبــێت هۆشیاربین
بە کارهێــنەری بــاشــبین .

٢٠١٥/٦/٢٩
مۆسکۆ ـ هۆتێل کۆسمس

زاهیل : بەر دەست

# زێی سـیروان

کەمێك لەولای هەڵە بجە
زێ ی سیروان دیار و بەرزە

زۆر جـوان و زۆر دڵـگـیرە
جێـگای گەشـتیاری ژیرە

پڕە لە ماسـی و جـوانـی
زۆر خـۆشە تێـی بڕوانـی

تـا چـاو دەبڕێ هـەر ئاوە
لە هەندێك جێی زەلكاوە

بەلاّم سـروشـتـی جـوانە
جێگای گەشـت و سەیرانە .

سەر زێ ی سیروان
١٦/٣/٥

# شاری ڕانیه

ڕانیەی دڵـگیر شــاری شــیرین
دەروازەی تۆ بــوو گەنــج و پــیر
بــۆ منالاْنــیش مــامــۆســـتان
فــێرکارێـکــی ژیـــرو دانـــای

فــــێــــریـــــان دەکــــــەی
چـــونــك خـــۆت پـــێـگـــەی

تـا فێری دەنــگ هەڵــبڕین بن
نەتـرســن زۆر چاك پــوك بــن
چونــك دەروازەی ڕا پــەڕیــنــی
لــە دڵــی کــورد زۆر شــــیرینی

هــیوای مــن و تــۆ ئــەی ڕانــیه
بــیٚ دەنــگــی لــە ژیــندا نیــیه
دەبێت دەنگ هەڵبڕین تێبکۆشین
تــا ئــازادانــە بــنــۆشـــــیــن .

# هاواری کاروان بۆ کوردستان

تۆ لە بوندا چرۆی هیواو  و گوڵی ژیانی
پــڕ گــەوهــەر و بــاخ مــێــرگ و کــانی

ســروشــتــی جــوانــی بــێ وێــنەت
شـــاخ و دۆڵ دەشــت و وێــنــجـەت

هـــەر شـــایــستـەی تـــێــڕامــانــە
گەر تۆ نەبی من بێ بوونم لەم ژیانــە

یــاخـــوا هـــەر ئـــاوەدان بـــیــت
هــەرجــێــگای گــەشــت وســیران بــیــت .

٢٦ /٣/ ١٦

فیشخابور

بۆ مێردمندالاَن

# بەڵێنی ناو جێگا

ڕۆژێـکـیان مــن و کـــاروان
لــەگــەڵ بــراکــەم کـــارزان

چــووین بــۆلای هاوڕێیەکمان
نەخۆش کەوتــبوو لە زســتـان

دیار بوو زۆر سەرمای بوو بوو
لــە نــاو جــــێگـا کەوتــبوو

هــەلاّمــەت و کــۆکـــەکـــەی
پــلــەی گــەرمــی تــایــەکــەی

هـــێرشـیان بــۆ هێــنا بــوو
هــــێزی لــە بـــەر بــڕابــوو

بۆیە لەو کات بەدواوە
بەڵێنی پیمان داوە

کە زوو چاك ببێتەوە
سەرماشی نەبێتەوە

ئاگاداری خۆی ببێت
تاکو نەخۆش نەکەوێت .

٢٠١٠/٥/١٩
کوردستان

( ........... )

ژیــان لـــەم کــوردســتانە
گــەلــێك خــۆش و جــوانە

بەلاّم با گشــت هــەولّدەین
ئالاّی کوردســتان هەلّکەین

بــا هــەمــوومان پــێــکەوە
ئـــەی رەقیــب بــلّێیــنەوە

چونك ئیــمە رۆلّەی کوردین
بەهیچ هیــزێك نا بە زیــن .

خوا ... کوردســتان ئاوابێت
ئالاّمــان شــەکــاوەبــێــت ...

٢٠١٥/٧/١١
مێرسین

# ناخی پشیله

مـن پشیلەیەکی جوانم
خاوەن هەست و ویژدانـم
بــێ بەخت و چارە ڕەشم
دەر بــەدەرو بــێ بــەشم

دەریــان کــردم لــە مالاٚ
ئاخــر کــەی ئەمــە حالٚە

ئێستا چی بکەم لەم ژیانە
ژیــانــم زۆر پــەرێشـــانە
دەر کــرام لــە مالٚ و کـــار
بێ تەخت کۆشـك و تــەلار

تەنهــا خۆم ســور گەردنــم
خـــودا بیــکــە دەرمــانــم.

: لە شانۆیی ئەستێرەکانی دارستان کراوە بەگۆرانی

# ستایشی پاشا

پیرۆزە پاشای هەمووان
پاشای گشتی دارستان

کورت وەك خۆت چاڵاکە
زیرەکەو زۆر بێ باکە

داهاتووی هەر هەموومان
بەندە بەدەست پاشامان

پاشاش بە هەوڵی هەمووان
خۆش دەکات گوزەرانمان

بۆ یە گشت هەوڵدەدەین
دەست لەناو دەست یەك بنێین.

له شانۆیی ئەستێرەکانی دارستان کراوە بەگۆرانی :

# ئه نجامی كار

دڵــخۆشین ئێمه هه‌مووان
به ئــێوه‌ی مــنداڵی جوان

به‌خێربین به سه‌رچاومان
سه‌ركه‌وتین هه‌ر هه‌موومان

ئــێوه‌ش وه‌ك ئــێمه وابــن
له هــه‌وڵــبن هۆشــیار بــن

بــخوێنــن كۆشــش بــكه‌ن
كــوردســتان ئاوه‌دان كه‌ن .

: له‌شانۆی ئه‌ستێره‌كانی دارستان كراوه به‌گۆرانی

## بژێوی ژیان

ئــەوەی خۆشــی ژیانە
ســەرکەوتن چاوەڕوانە

کاردەکەین ڕاناوەستین
تــامی خۆشی دەنۆشــین

یاســای ژیان ئەو هایە
چــالاك کــاری ڕەوایــە .

: لە شانۆی ئەستێرەکانی دارستان کراوە بەگۆرانی

# قوتا بخانەی شێروانە

قوتابـخانەی شـێروانە
هـۆی ڕووناکـی ژیا نمانە
بۆیە هەمـوومان تـێکـڕا
دەخوێنــین ژیرین پێکـڕا

هـەر بـۆیە قوتابـخانە
بـەڕیزە و سـەر سەرمانە

ئێمەش کە گشت قوتـابین
ڕێــزی مامۆستا دەگــرین
بۆیە هــەر هەموو کەسێ
شــێروانە بــاش دەناسێ
قوتابــیــانی شــێــروانە
شێــرن ژیــرن لــە ژیانا
بــژین هــەمــوو ئــەوانە
قــوتـابــین لە شــێروانە.

:کراوە بە سرودی قوتا بخانەی شێروانە

## تكای كاروان بۆ هەمووان

هــەستن تێــكۆشــن
مــێرد مــنداڵــەكان
تــاكــەی نــەزانــان
بێــنە ســەر سەرمان
***

هەســتن تــێكۆشــن
وادەی ژیـــانـــە
ژیــان بـــۆ ئــێمە
هـــەر وەكــو وانــە
***

هەســتن تــێكۆشــن
دەی لەخەو هەستن
بـالا یــبدەین زۆردار
تـاكو كەی خەوتــن

هەستن تێکۆشن

ژنانی شارم

پیاوانتان نایکەن

بڕینی زارم

***

هەستن تێکۆشن

هەموو وەك برا

لایبدەن زۆر دار

هەڵیکەن چرا

***

هەستن تێکۆشن

یەك دەنگ و سەدا

با لاچێت زۆر دار

تاکەی بێ بەهار

***

هەستن تێكۆشین
تكاتان لێ بێت
نەوەی نەوەمان
بۆ سەرەرێ بێت
***

هەستن تێكۆشن
بۆ پاسەوانبن
والیدەكانتان
بێ سەر و شوێن بن

***

هەستن تێكۆشن
بەسە زۆرداری
ئەوان لە سەرڕاو
ئێمە ژێرداری

***

هەستن تێکۆشن
وادەی ژیانە
هەموو پێبکەنن
ژیان زۆر جوانە

***

هەستن تێکۆشن
دوا تکام وایە
سەرتان شۆڕ مەکەن
بۆتا ...هەتا یە .

بۆمێردمنداڵان

٢٠١٥/٦/٢٨
ماڵی ماکسم گۆرك ـ ڕوسیا

## دەردی دڵم دەبارێنم

### ١

وام لێمەکەن حاشا بکەم
چی لە منداڵانی وڵات بکەم
دەنا بەخوا
هەر بە پێوە دەڵێم بڕوا گیانم ئێوە...
هەرچی هەیە بۆ ئێوە بێ
کاسەی سەرمان بۆ ئێوەبێ
بەس باجارێ
تەنها یەکێ
پڕ بە گەرووی هاواربکا
دڵی دایکی شەهید خۆشکا
هاوار بکات ئەمن کوردم
منیش مەردم...
لە گەندەڵی وا دەر دەچم
گەندەڵ نابم
خاك فرۆش و ئاڵا و وڵاتم من نابم...

## ٢

تەنها جارێ هەر بۆ مێــژوو
بۆ گاڵگـاڵەی گـڕی تـێـنو
بۆ منداڵانی سـەر دار بەڕوو
بۆ شـەهیدانی وڵات مـردو
هاوار بکەن ...دەنگ هەڵبڕن
گەر ناتوانن... وەرنە خوارێ
مێزو کورسی ...خۆ بۆ ئێوە هەر دەبارێ
تــازە ئێـوە نەبێ پــارەو نەبێ ژیــانن
نە ئــاوارەو ســەرگــەردانن
بەڵام توخوا بەس لێگەڕێن
کوڕە کوردێ بـا بــەڕاستــی
وەك کورد بدوێ...
نەك هەمیشە ئاڵاو وڵاتمان
هەر بێ کەس بێ...

٣

ده بەسی کـەن درۆ و تـانە
خۆ ئەم ژیانە هی هەمووانە
بۆچی دەبێ ؟
بۆ ئێوە بێ ؟

٤

مێژوو ڕەشە و هـاوار دەکات
دڵی هەمووان نـا خۆش دەکات
چونکە بۆ خـۆی بـاش دەزانێ
درۆی هـەڵـبـەسـت ...
تـەنها بۆ پارەو ژیـانێ
کـە تـەنـهـا خـۆیـان
خۆش دەژین وەك سوڵتـانێ...

## ٥

نەوەکانم هەرچی دەکەن

قەینا بیکەن...

بەڵام توخوا باوەڕ مەکەن

بەچیرۆکی ئازار و خەم

چیرۆکی ئەوان ئەوهایە

پاڵەوانن لەم دنیایە

بەڵام سەد ئاخ

ئەگەر وابێ

بۆچی دەبێ ئالا و وڵات

هەر بێ کەس بێ ؟

٦

رۆڵەکانم
لەوەتەی هـەم بـاش دەزانم
لە مێژوو ، ئێستا و باپیرانم
قـــەت ڕاســـت نـــەبـــوویـــن
هـــەر بـــۆ پارەو بەرژەوەندی
ســـــەرەو خـــوار بـــوویـــن
بـــــەڵام نـــەکـــەن
بـــــاوەڕ بـــکـــەن
کـــەڵـــە پـــیـــاوێ
لـــە کـــوردســـــتـــان
وەك مـــەرد ژیـــابێ
تێگلاوی بەرتیل نەبێ...

## ٧

مــن دەمـــرم و ئــێــوەش هــەروا
دەژیــن لــە وڵات بــە بــێ پەروا
بەبێ ئاڵا و بەبێ هیوا
تا سەر دەکەن بە گوزەرا
منداڵێکی رەش و ڕووت جل لە بەرا
دەم بــەخــەنــدەو بێ کـــەســەرا
قــەت نــابــیــنــن لــەم ســایــەدا
گەر هەڵنەکەن...
ئــەم کوێــرانە...
لــەنــاو نەبەن...

## ٨

هەرچی دەکەم هەر بڤەیە،
هـــەر لـێـــم دەدەن
وەك ئـاژەڵێ مامەڵەی
مرۆیم لەگەڵ دەکەن
ئەی گوڵەکان.... ئەی هیوایە چرۆیەکان...
کە گەورەبوون... زوو دەسـت پـــێ بـکەن...
هەرچی کوێرە لە ناوییەن...

## ٩

منداڵەکان
هەوڵبدەن خاوەنی ژیان و ئالاّ بن ...
دەســـت لــە ســەر ســنگ بۆ ولاّتـان
لە ســەر ئەژنۆ دا چــەمابن
گەر وانەکەن
هەروا نـاخۆش گوزەر دەکەن...

١٠

ئازیزانم

مندالأنی خۆشەویستی نیشتیمانم

هــێـزی زیــنـدووی کــوردســتـانم

هەروەك گوتم :

مێژو درۆ ...

پاڵەوانی بیستراو...و... ئێستا درۆ

بــەلأم ئــەوەش بــاش بــزانــن

ئەگەر ئێوە

لەژیانا ...لەجەخمەخەی نیشتیمانا

بێنەدەرێ و هەر بەیەك دەنگ ...

یەکبگرن و هــەر بەبێ ڕەنگ

هەرچــی جەلــلادەو نــەزانــە

لە ســەر کورسی و پاڵەوانــە

بێننە خوارێ...

هێزی بارانتان بباریێ ...

گەر وانەکەن...

بەبێ ولأت گوزەر دەکەن... .

بۆ مێردمندالأن

٢/ ٤/٢٠٠٩

کوردستان

## وەسیەت نامە

ئەم خەوە تاکەی بۆ دەست پێ ناکەن
ژییانی خۆتان ... خۆتان چێ ناکەن

هەرچی دنیایە ... لە کەیف دایە
تەنها میللەتم لە ژێر چنگ دایە

ئەگەر هەر خۆتان ئەمە بگۆرن
دەنا هەڵدەستن هەروا لە گۆڕن

من تکا دەکەم تکای ئاشتییانە
زوو بێننە خوارێ ئەم نەزانانە

لە هەموو دنیا باو باوی شادە
تەنها وڵاتم پێ ی نا مورادە

***

چـەندە گـران بـێـت ژیـان لـــێرانە
تەنــها دڵخۆشـی سـەری هەمـووانە

تــۆ هەرچیـت دەوێـــت لـێرە والآیــە
نــەك وەك لای خۆمــان ئالْ و والآیە

ســرەی هـیچ ناگرێ هەمـوو شتێـکی
تۆ تەنها بۆ خۆت خاوەن کۆشـکـێکی

دە هــەســتە کـوردە دەی لە خەو ڕابــە
بۆ چــی زیـــندانبـیت دە زیـندان لابە

زیـنـدانــی پارە و زینـدانـی ڕەنـگـی
بۆ یــە هــەمـیشە هــەروا دڵـــتەنـگی

***

ژیــان زۆر خــۆشــه له وڵاتــی جــوان
بــەتایــبــەت وڵات وڵاتــی خـــۆمــان

بـــەڵام داخـــەکـەم ئەم نـەزانـــانه
هــەر وەکـو گـــورگـن زۆر دڕانـــدانـه

هــەمــوو شـــت دەکـەن بــۆ مــانەوەیان
تـاکـو هـەمـیشه خـۆش بـژین له ژیان

بەخــوێــنی ئـێمه و خــوێنــی شه هیدان
جــوان دەگــوزەرێــن بەخۆشــی لــه ژیــان .

بۆ مێردمنداڵان

٢٠١٥/٦/٢٥
ماڵی پوشکین ـ ڕوسیا

## پەڕەسێلکە

باڵندەیەکی وریام
یەکجاریش ژیر و دانام

ڕەش و سوور و جوانم
لەبەهاردا میوانم

سپی و زەردباو ڕەنگی جوان
لە پەڕم دان منداڵان

هەروەها ئەندازیارم
هێمن و زۆر هاوشارم

هەر بەقوڕ وچیلکەدار
دەیکەم جوان کۆشك و تەلار.

هاوشار: مەبەست لە ماڵییە

# پرتەقاڵ

پرتەقاڵم ڕەنگم جـوانە
نـاو و ڕەنگم جوان بیـزانە

وەکـو یەکـەو کـراوەیــە
ڕەنـگێکـی زۆر ڕازاوەیــە

هەم دارو پەلك و میوەکەم
بەسوودن زۆر لە ژینگەکەم

پـڕڤـیتـامیـنم بەسوودم
میوەیەکی تـام خۆش ڕەنگم

بــۆ گەورەو گشــتی منداڵان
یەکجار بەسوودم هاورێیان .

# چیرۆك

## كاروان على

### بۆ مندالآن و مێردمندالآن

# له باوەشی یەكدا خەریك بوو بخنكێن

له دارستانێكی زۆر جوان و گەوردا دووبێچووه كەروێشكی ووردیله و جوان به یەكەوه گفتوو گۆیان دەكرد و باسی خۆپاراستنیان له سەر مادەكرد...لەو كاتەدا گورگێكی پیسی چه پەڵ بینیكەوا كەروێشكەكان بیٚ ئاگان لەو،هەر بۆیه خۆی پێیان داتاوەكوبیا نخوات...كەروێشكه ووردیلانەكانیش به نێو دەست و پێی گورگداخۆیان دەرباز كرد... بەلاّم مام گورگ وازی لێیان نەهێنا كەوته دوایان تاوەكو كەروێشكەكان گەیشتنه لێواری دەریاچەی دارستانەكەیان...مام گورگی زۆر زانیش زانی كەچیتر ناتوانن له دەستی هەڵبێن هەر بۆیه پێیان كەوته پێكەنین و لیكیش له بەینی ددانەكانی دا دەهاته خوارەوه...

دوو كەروێشكه ووردیلانەكەش پەنایان دابووه یەك و لەترسا دەلەرزین ، نەیاندەزانی چی بكەن چۆن خۆیان لەدەستی گورگی زۆردار دەرباز بكەن چونكه مام گورگ رێگای بۆ نەهێشتبوونەوه تەنها لای دریاچەكه نەبێت هەربۆیه مام گورگ بیٚ ترس به پێكەنینەوه زیاتر لێیان نزیك دەبووەوه...

بۆ ئەوەی بیان کات بە ژەمە خۆراکێکی باش
بەڵام بەر لەوەی مام گورگ پەلاماریان بدات کەروێشکەکان هەر بەچاو لەیەکتری گەیشتن کە خۆیان بە ئاوە کە بدەن باشترە نەك ببنە ژەمە خــۆراکی گورگی دڕندە...بۆیە لەو کاتەی گورگ پەلامــاری دان ئەوانیش دەستی یەکتریان گرت و خۆیان فڕێدایە ناو ئاوەکەوە مام گورگیش لەداخان و لە برسان دەیەلووراند...
لەبەرئەوە بە دڵتەنگی گەڕایەوە ناو دارستان تاوەکو نێچیرێکی تری دەست بکەوێت...بەڵام کەروێشکەکان لە ترساندا توند باوەشیان کردبوو بەیەکدا وهەر ئەو توند یەك گرتنەش خەریك بوو ببێتە هۆی خنکاندنیان...لە وکاتەدا مام وورچ خەریکی ڕاو کردنی ماسی و دۆزینەوەی مرواری بوو بینی کەوا دووبێچووە کەروێشك خەریکە بخنکێن بۆیەخێرا چوورزگارکردن...هەردووکیانی هێنایە دەرەوە و پێ گوتن ئێوە زۆر ژیر و جوانن ئێوەم بینی خۆتان فڕێدایە ئاوەکەوە و کارێکی باشتان کرد...بەڵام کاتێك لە ناو ئاودابوون نابێت یەکتری بگرن... دەنا دەخنکێن... ئەوانیش زۆر سوپاسی مام وورچیان کرد و دەستیان کردەوە بە پێکەنین و باوەشیان بەیەکدا کرد .

## بزربووم لەشار...دایکم لەباوەشم ناگرێت

سەرەتای وەرزی زستان بوو بەیانی زوو هەستام، دەست و دەم و چاوم، ددانەکانم شوشت و هەر لاسار لاسار خێرا بەو بەیانییە زووە بانگی باوکم کرد: باوکەخێراکە هەستە بابڕۆین...دەی باوکە هەستە... بۆخۆت شەو بەڵێنت پێ نەدام بەیانی دەچینە بازاڕ و شەڕواڵ و کراست بۆ دەکڕم...باوکم هەر بە چاوی خەوەوە خودا لێ ی ڕازی بێت گوتی: باشە کوڕم پەلەی چیتە؟ ڕۆڵە گیان جارێ زۆر زووە و بازاڕ کەسی لێ نییە، منیش هەر لە سەر لاساری مامەوەو نەمهێشت بخەوێتەوە لە خەوم هەڵساند هەر پەلە پەلم بوو کە خێرا کات و بچین بۆ شار، ئەو کات شارم پێ زۆر دوور بوو بەلاّم ماڵی ئێمە زۆر دوور نەبوو بەڵکو لەشارۆچکەیەکی نزیك پایتەخت بوو،بەلاّم بۆخۆشم نەمدەزانی ئەو پەلە پەلەم بۆچی دەکرد، هەر دەم گوت دەی باوکە گیان خێرا با بڕۆین، بۆیە ئەویش پێی گوتم: کوڕی خۆم پەلەك...گوتویانە: (کاری بە پەلە قاچێکی شەلە )ئەو کات تێنەگەیشتم مەبەستی چی بووبەلاّم ئیستا بۆم دەرکەوت مەبەستی ئەوەیە کە هەموو کارێك ئەگەر زۆرخێرای لێ بکەیت ئەوا کەموو کوڕی تێدەکەوێت ڕەنگە بەباشی سەر نەکەوێت دەرئە نجامەکەی باش نەبێت ...

هەر چۆنێك بێت باوكم ئەو ڕۆژە لە بەر دڵی من زوو هەستاوچوینە شار ومنیش لە ناخەوە دڵ خۆش بووم ، پێدەکەنیم و لە دڵی خۆم دا دەمگوت:ئای لەم خەڵکە زۆرە چۆن بزر نابن و هەر جارەی سەیری جێگایەکم دەکرد،ملم لە خەڵکی دەنا،چونکە سەیری پێش خۆم نەدەکرد هەرسەیری بینا بەرزەکان وخەڵکە زۆرەکەم دەکرد...

باوکیشم بەخۆی گۆچانەکەیەوە هەر جار ناجارێك دەی گوت: دەستت بدە من کوڕم خێراکە...لەبەر قەرەباڵغی شارو نەشارەزایی من بۆماوەی چەند خولەکێك لەباوکم بزربووم و خەریك بوو دەست بەگریان بکەم دواتر باوکم دەستی لە پشتم داو بە پێکەنینەوە گوتی: دەی کوڕم لێرەوە...ئێستاش نازانم باوکم خۆی لێ بزرکردم یان خۆم بزربووم...

بە هەر حاڵ باوکم جل و بەرگ و کراسی بۆ من هێندێکیش کەل پەلی بۆ ماڵەوە کڕی گوتی: کوڕم خۆ هیچمان بیر نەچووە؟ منیش لە خۆشی جل و بەرگەکانی خۆم گوتم: نا بابە گیان با بگەڕێینەوە ئەو کات خوا خوام بوو زوو بگەمە ماڵەوە،باوەڕبکەن هاوڕێکانم خۆشم نازانم بۆ ئەویش گوتی باشە کوڕم دەگەڕێنەوە،لەڕێگا بووم هێشتا لسەیرکردنی شت و مەك و خەڵکە زۆرەکەی شار نەکەوتبوومچاوم بە سێ چوار قەفەزە ڕیشۆڵە کەوت و منیش وڕکم گرت گوتم :بابە تکایە ڕیشۆڵەم بۆبکڕە بەخوا من ڕیشۆڵەم دەوێ...چەند گوتی: کوڕم تاوانە نابێت ، پارەم پێ نییە بەچی بەخێوی دەکەیت ؟

منیش هەر لەسەر لاساری خۆم بەردەوام بووم ، باوکی هەژارم چی بکات ؟! من ورکم گرتبوو هەر دەمویست و دەستم کرد بە گریان،ئەویش بەنابەدڵییەوە ڕیشۆڵەیەکی بۆ کڕیم دواتر بەڕێکەوتین و هاتینەوە ماڵەوە...ئەو ڕۆژە تا ئێوارە من یاریم بە ڕیشۆڵەکە دەکرد...دان و ئاوم لە پێش دادەنا بەلاّم ئەو هیچی لە بەر چاوی من نەدەخوارد ئەو ڕۆژە زۆر ماندوو بووم شەوەکەی هەر زوو ڕیشۆڵەکەم لەبن سەلەیەك دانا وخەوم لێ کەوت،لەخەودا بینم کە لە دارستانێکی زۆر خۆشدام دەمویست یاری بکەمبەلاّم ڕیشۆڵەیەك کەلە خۆم زۆر گەورەتر بوو نەی دەهێشت یاری بکەم، بەناو ئەو دارستانە خۆشەدا بگەڕێم ، هەرچەندم دەکرد لێم دەدا ئەویش زیاتر بە دەنوکەکانی لێی دەدام و ڕێگای یاری و پیاسە کردنی لێ دەگرتم،منیش دەمویست بە بەرد لێی بدەم و لە کۆڵی خۆمی بکەمەوە بەلاّم ئەو هێرشی بۆ هێنام و لەترسان دەستم بەگریان کرد ومنی دایە بەر دەنوکە گەورەکانی منیش لەهێندە ترسان ڕام کرد لە خەوەکەدا ،لەوکاتەدا هەستام چاوم بە گریانەوە بوو ، نازانم چۆن خەوم لێکەوتەوە...بەلاّم بەیانی زوو لاسار لاسار هەستام هەموویانم هەروەکو چەند ڕۆژە لە خەوهەڵساند...

له کاتی نان خواردنی بەیانی دا ڕووم کردە دایە گەورەو خەوەکەم بۆی گێڕایەوە... ئەویش گوتی ڕۆڵە گیان تۆ ئازاری گیانداریێك یان باڵندەیەکت داوە بۆیە ئەوخەونەت بینیوە، گوتم :باشە نەنە گیان خۆ تۆ چاوت نابینی چۆن دەزانی من ئازاری گیانلەبەرێك یان باڵندەیەکم داوە، ئەویش گوتی:ڕۆڵە شیرینەکەم ئەمە مانای خەونەکەتە، باوکیشم لە وکاتەدا گوت : کوڕی خۆم ئەی دوێنێ چەندم پێ گوتی تاوانە با ئەو ڕیشۆڵە یە نەکڕین
یان چەند پێم گووتی ئازاری مەدە، ئازادی بکە...
لەوکاتەدا منیش هەستام و داوی باڵی ڕیشۆڵەکەم کردەوەو یشۆڵەکەم ئازاد کرد....

بۆ میێردمندەڵان

# بابڕۆین بۆ گوندەکەی بابە گەورە

شەوی نەورۆز بوو دنیا زۆر جوان پاك و بێگەرد و جوان دەهاتە بەرچاو
ئەو گوندە خۆشەی ئێمە لێی دەژیاین لە هەموو گوندەکانی
دەوروبەرمان خۆشتروبە پیت تر بەرەکەتر بوو، خەڵکی گوندەکەمان
زۆر دڵخۆش بوون چونکە ئەو ساڵە ساڵێکی دیارهات بوو بۆ کوشتوکاڵ
و دەغڵ و دانەکانمان هەموخۆمان ئامادە کردبوو کەبەیانی
پیرۆزبایی سەری سەڵی کوردی لەیەك بکەین و جلی ڕەنگاو ڕەنگبپۆشین
خۆشی و پێکەنین و شای هەڵپەڕکێ ساز بکەین و لەسەر ئەو زەوییە
جوانەی کە وەك فەرشی سەوز وابوو ،هەروەها ئەوشەوە بەخۆشییەوە
دانیشتبووینبۆ ئەوەی بەیانی ڕۆژیکی خۆش بەڕێ بکەین و هەر جارەی
یەکێکمان قسەیەکمان دەکرد و کەوتینە گێڕانەوەی قسەی خۆش و
ئازایەتی خەڵکی گوندەکە و ئەو ڕووداانەی کەبەسەرمان داهاتبوو،
بە هەر حاڵ هەر یەکمان قسەیەك یاخود ڕووداوێکی دەگێڕایەوە،
نۆرە هاتە من و منی شەرمن نەمدەزانی چی بڵێم...
بە هەرحاڵ هەموویان ڕوویان کردبووە من و منیش وەك ئەوەوابێت
تازە فێری قسەکردن بووبم، قسەم بۆ نەدەهات، هەناسە بڕکێم بوو
سەر و چاوم لە شەرمان سور بووبوونەوە...

هەریەك لە شوێنی خۆی دەیگوت دەی شتێك بڵێبۆچی قسەت پێ ناكرێ خۆ نات خۆین...لەو كاتەدابابە گەورەی ئەو گوندە كەبە گۆچانەكەی هێمای بۆ كردن و بێ دەنگی كردن، ڕووی كردە من: ڕۆڵە گیان قسەكانت بكە و شەرم مەكە ، مرۆڤ نابێت شەرم بكات لە كاری باش و ئەو قسانەی دەیەوێت بیكات...با پیرا نمان گوتویانە مرۆڤی شەرمن ناتوانێ ئاسودەش بمرێت، كوڕەكەم نابێت تۆ وابیت ئێمە گوێت بۆ دەگرین تۆش بە ئارامی قسەكانت بكە...بە هەرحاڵ هەرچۆنێك بێت گرو تینم دایە بەر خۆم ، بەخۆم گوت: پیاو بەو قسەبكە و ئەو ڕستە جوانەی با پیرەگەورەم بەبیر خۆم هێنایەوەكە دەیگوت: مرۆڤی شەرمن ناتوانێت ئاسودەش بمرێت...

هێشتا زمانم بە تەواوی وشەكانی بەجوانی نەدەگرت،ئارەقەی شەرمم نەسڕییەوە دەستم پێ كرد وگوتم: بەر لەوەی ڕووداوەكەی كاكە ئازاتان بۆ بگێڕمەوە پێم خۆشە باسی زیرەكی ئەو كوڕە و كارە جوانەكانیشیتان بۆ بكەم یەكێك لە دانیشتوانی گوندەكە گوتی مەبەستی (ئاریای مامۆستا كارانە)

گوتم: بەڵێ . هاوڕێكانم ببورن كەسەرتا ناوی ئازام پێ نەگوتن بەلاّم ئەوانەی كەدانیشبوون كە گوتم ئازایە هەموو زانییان باسی بچكۆڵە ئازایەكە دەكەم كە هەمیشە یارمەتی باوكی دەدا...
لە كاروكردەوەكانی و قوتا بخانەی سەر دەكەوێت،

هەر چۆنێك بوو لەو كاتەدا دڵم بە خۆم خشبوو چونكە قسەم باش بۆ دەهاتلە خۆم ڕادەبینی كە بەجوانی ڕووداوەكە بگێڕمەوەبۆیە سەیری هەموویانم كردو گوتم :هاوڕێیان حەق وایە گوندەكەمان هەمیشە شانازی بە ئازا بچكۆلەكەی ماموستا كارانەوە بكەین چونكە ئەو بە ڕەوشتە جوانەكانی فێری زۆر شتی كردوین...

تۆی خۆشەویستی لەناو گوندەكەمانداچاندووە ...لەم كاتەدا هەموو سەیری دەمی منیان دەكردو ، زۆریان پێ خۆش بووكە باسی ئازام دەكرد چونكە ئازا ڕووداوێكی بەسەر هاتبوو، نزیكترین كەسیش لەوكاتەدامن بووم چونكەنزیكەی هەفـتەیەك بوولەماڵی ئازا بووم هەروەها باوكی ئازا دۆستی گیان بەگیانی بنەماڵەی ئێمەبوو بۆیە ئازا هەرچی بە سەر هاتبوو بۆ من و باوكی گێڕابووەوە...لەو كاتەشدا بابەگەورەی گوندەكە گوتی: بەڵێ ڕاستە پێویستە لە سەرمان سوپاسی ئازا بكەین چونكە بەرلەوەی ئەو ڕووداوەی بەسەربێت كەسمان ئاگاداری یەكتر و منداڵەكانمان نەبووین، جگە لەكارەباشەكانی بە هەر حاڵ دەی ڕۆڵە گیانڕووداوەكەی ئازامان بۆ بگێڕەوە بزانین ڕووداوەكە چۆن بووە ...

لەم كاتەدا هەموو بەڕوویەكی گەشەوە سەیری منیان دەكرد

منیش بێ شەرم و بوێرانە گوتم ئازا گوتی كاتێك یارمەتی باوكم دەدا...

دووبـاره بمبه‌خشن هاوڕێکانـم که چیرۆکه‌که‌م بۆ ته‌واو نه‌کرد نمن له کاتـی گێڕانه‌وه بووم یه‌کێك له‌ده‌رگـای ماڵـی بـابه گه‌وره‌ی دا و منیش له چیرۆکه‌که وه‌ستـام بـابه گه‌وره به‌سه‌ر هێمای بۆ مێرد منداڵێك کردکه بچێت ده‌رگـاکه بکـاته‌وه به‌لاّم دیـار بوو ئـاماده‌بووان پێیان نـا خۆشبووکه‌من له چیرۆکه‌که وه‌ستـام خوا خوایان بوو هه‌ریه‌کێك بێت زوو به‌ڕێ بکرێت یان زوو بێت دانشێت بۆ ئه‌وه‌ی چیرۆکه‌که‌یان بۆ بگێڕمه‌وه‌له‌و کـاته‌دا مامۆستا کاران و ئـاریای کوڕی واتـا ئـازا هـاتنه ژووریٚ سلاّویـان کرد وئێمه‌ش هه‌موو پێکڕا له به‌ریان هه‌ڵسـاینه‌وه...

بـابه گه‌وره‌ش هه‌ر له جێگـای خۆی دانیشتبوو به خێرهـاتنی کردن و هه‌موو دانیشتنه‌وه و منیش گوتـم : ئه‌وه‌ش کاکه ئـازا بۆ خۆیه‌تـی

له‌و کـاته‌دا بـابه گه‌وره بـانگی ئـازای کردوو گوتـی:

ڕۆله‌که‌م وه‌ره لای من دانیشه بزانـم دووبـاره چ جوامێریه‌کت کردووه ؟

ئـازاش له‌وکـاته‌دا هه‌ستـایه‌وه به ئێمه‌ی گوت: بمبه‌خشن هه‌ر چه‌نده سه‌ره‌وه جێگـای من نییه !به‌و هه‌ڵوێسته جوانه‌ی هه‌موو زیـاتر ئـازامان خۆش ویست و له دڵمان شیرینتر بوو،ئـازا زۆر به هێمنی و جوانی چووه بنه‌بـان و لای بـابه گه‌وره‌مان دانیشت،ده‌ستی بـابه گه‌وره‌ی ماچ کردوو بـابه گه‌وره‌ش سه‌ری ماچ کرد و گوتـی: بێگومان تۆ له پاشه‌ڕۆژ پیـاوێکی ئـازا و میهره‌بـانت لیٚ هه‌ڵده‌که‌وێت،دوای ئه‌مه بـابه گه‌وره ڕووی کرده من و گوتـی:ده‌ی کوڕم ئێستـا ڕووداوی ئه‌م قـاره‌مانه‌مان بۆ بگێڕه‌وه...

ماموستا کارانیش بزەی سمێڵی دەهات و شانازی بە کورەکەی دەکرد، گوتم بابە گەورە ، وابزانم ئازا خۆی بیگێڕێتەوە دانیشتەنەکەمان خۆشتر وڕازاوە تر دەبێت ئازاش لە من جوانتر چیرۆکەکە دەگێڕێتەوە چونکە بەسەر خۆی هاتبوو هیچیشی بیر ناچێت ،هەموو سەیری ئازایان دەکردوو، ئازاش سەیری باوکی دەکرد باوکی بەسەر هێمای بۆ کرد کە بیگێڕێتەوە بابە گەورەش گوتی کوڕم خۆ شەرم ناکەیت ڕووداوەکە بگێڕیتەوە ؟

دەتوانیت قسە بکەیت ؟

ئازاش جوانتر دانیشتوو گوتی :سوپاس بۆ هەمووتان، ببورن! لەم کاتەدا ڕووی کردە بابەگەورە گوتی:بەڵێ دەتوانم، بۆیە خەڵکەکەش زیاتر بە پەرۆشەوە سەیری ئازایان دەکردئازاش زۆر بە هێمنی و جوانی دەستی پێکرد کاتێك لە یارمەتی دانی باوکم بومەوە

ئاڤاری هاوڕێم هات داوای لە باوکم کرد کە بەیەکەوە بڕۆین بۆ یاری کردن ،منیش لە وکاتەدا هیچ کارێکم نەمابوو بیکەم تەنانەت ماڵیشم لە گەڵ دایکم خاوێن کردبووەوە، بۆیە باوکم ڕێگای پێداین و گوتی: ئاڤار گیان بڕۆن بەلاَم ئاگاداری خۆتان بن و زوو بگەڕێنەوە

بۆیە لەگەڵ ئاڤار کەوتینە ڕێ و قسەمان دەکرد،

منیش لە ئاڤارم پرسی بڕۆین بۆکوێ پیاسە بکەین ؟

گوتی: بابڕۆین بۆ بەردەم زێ یە گەورەکە...

منیش گوتم : ئاڤار ڕاستە ئێمە مەلەوانی دەزانین بەلاّم هەردەبێت هەمیشە ئاگاداری خۆمان بین...ئەویش گوتی بەڵێ ڕاستە، بۆیە سەرمان بەرزکردەوە نزیك زێ یە گەورەکە بوین زۆر زوو گەیشتن، چونکە بە قسە کردنەوە ڕۆیشتن و ئاگاداری خۆمان نەبووین ، کاتێك گەیشتنە ئەوێ دوای کەمێك مەلەکردن و یاری کردن بینیمان سێ پیاوی گەورە و چوار شانە بەرەو ڕوومان دێن بە جوانی سلاّویان کرد و ئێمەش وەلاّممان دایەوەو یەکێك لەو پیاوانە زۆر بە میهرەبانیەوە ڕووی کردە ئاڤار و گوتی : بچکۆڵ گیان دارستانەکە لە کوێ یە ؟ ئەویش زۆر بەجوانی ڕێگاکەی پیشان دان...

بەلاّم بۆ خۆتان دەزانن دارستانەکە کەمێك دوورە لە زێیەکە ...

بۆیە ئەوانیش گوتیان ئێمە نازانین ئەوەندە ڕێگاکەمان بگۆڕین ئەگەر دەتوانن یەکێکتان لە گەڵماندا وەرن پیشا نمان بدەن و بۆ خۆتان بگەڕێنەوە بەمنیشیان گوت تۆ وەرە...

ئاڤاریش گوتی نا خاڵە گیان من دێم ، منیش گوتم باشە مامە گیان بۆ نازانن ؟خۆ زۆر زۆر دوور نییە بۆیە منیش دووبارە ڕێگاکەم پیشان دانەوە...بەلاّم یەکێکیان هیچ پرچی پێوە نەبوو هەروەها چاوێکی سەوزی گەورەی هەبووگوتی : کوڕە جوان ئێوە هەر لێرە بێ کارن یەکێکتان وەرن، زوو بگەڕێنەوە دەترسم دارستانە نەدۆزینەوە دووبارە بێینەوە...

ئاڤار گوتی : ئاریا گیان من دەڕۆم زوو دێمەوە، منیش گوتم :کەوایە بابڕۆین ئاڤارگوتی : باشتریش یەکێك لە پیاوەکان سەیری دوانەکەی تری کرد، سەری با داو من هیچ تێنەگەیشتم، بۆیە کەوتینە ڕێ و بەرەو دارستانەکە و دیار بوو پیاوە سەر لوسە کە دەچووە بن گوێ ی دوانەکەی تر و قسەی دەکرد، بۆیە لە و کاتەدا گومانم لێیان کرد منیش بەئاڤارم گوت : ئاگاداری خۆتبە بەلاَم ئەو تێنەگەیشت و گوتی بۆچی؟

منیش گوتم تۆ ئاگادرابە...نازانم بۆچی زیاتر لێیان بە گومان دەبووم خۆ هیچشیان نەکردبوو، هێشتا هەرلەڕێی دارستانەکەبووین بەئاڤارم گوت : با بگەڕێینەوە ...

ئاڤار گوتی :نا جوان نییەئەوان ڕێبوارن و پێویستیان بە یارمەتی ئێمەیە،قسەکەی ئاڤارم پێ جوان بوو بەلاَم هەر گومانم لەو پیاوانە هەبوو...بە هەرحالَ هێشتا نە گەیشتبوینە دارستانەکە ئاڤار گوتی : ئێمەش دەچینە ناو دارستانەکە سێ چوار دەسکی گولَی نێرگز بە دیاری دەبەینەوەبۆ دایك و باوکمان منیش بەنا بەدلَییەوە گوتم : باشە دوای کەمێکرۆیشتن گەیشتنە قەراخ دارستانە کەو گوتم :ئاڤار گیان خۆ ئێمە شەو و ڕۆژ لە ناو نێرگز داین لەم بەهارەدا،

ئاڤارگوتی : دیاری تایبە تمەندی خۆی هەیە...

منیش گوتم باشە، بۆیە لەگەلَ ئەو پیاوانە دا گەیشتنە دارستانەکەو منیش گوتم : مامە گیان ئەمەناوەڕاستی دارستانەکەیە...

کاتێك گوێم لە دەنگی ئاڤار بوو: ئاریا ... ئاریا...

ئەمەئەو گولاْنە نییە کە ئێمە دەمانەوێت با بچینە قەراخ دارستانەکە بگەڕێن...منیش گوتم باشە ئەوە هاتم ، ڕووم کردەوە پیاوەکان گوتم : ئەگەر ئێوە کارێکتان نەبێت ئەوە من دەڕۆم،

یەکێکیش لە پیاوەکان هێمای بۆ پیاوە کەچەڵەکە دەکرد وئەویش سەری بۆ دەلەقاند منیش گرینگیم پیْ نەداو دوعا خوازیم لیْ کردن و هەر سوپاسیشیان نەکردم،ڕووم کردەوە ئاڤارو پڕ بە گەرووم هاوارم کرد :ئاڤار چاوەڕیْ بکە ئەوە هاتم ،لەو کاتەدا لە دواوە توند منیان گرت و هاوارم بۆ ئاڤار کرد بگە فریام...

بەلاّم ئەو پیاوە گەورەو چوار شانە بیْ ویژدانەی کە چاوەکانی سەوز دەبرسکانەوە زلەیەکی بە سەرمدا کێشاودونیا لەبەر چاوم تاریك بوو بەلاّم هەر هاوار و پاڕانەوەم بوو...هەر گوێیان نەدامیْ ئەو زلە ناشیرینەش توند دەمی گرتم بەلاّم تا هێزم هەبووگازێکم لەدەستی گرت و هاواری وەکو بزن بەرز بۆوەو هەر ئەوەندەش فریا کەوتم بە ئاڤار بڵێم بڕۆ پیان بڵیْ...

جا نازانم ئاڤار چی بەسەر هات لەوکاتەدا ئاڤار گوتی : وەڵلاّ هیچ ئەوەتام... بۆیە دانیشتوانەکە بە بابە گەورەشەوە کەوتنە پێکەنین...
ئازاش گوتی : دەزانم ئەوەتای ئاڤار گیان بەلاّم ئەو کات نازانم چیت بەسەر هات ؟

گوتی: بە ڕاکردن هاتمەوە ، بۆیە دووبارە هەموو کەوتنەوە پێکەنین
ئازاش پرسی باشە یەکەم جار بە کێت گوت؟ ئەویش گوتی:بە( ڕاستی )
یە شێتم گوت بەلاّم هیچ تێ نەدەگەیشت هەردەی گوت: ئێ... ئێ...
بۆیە هەموو کەوتینەوە پێکەنین و منیش بە ئازام گوت: ئازا گیان دەی
چیرۆکەکەمان بۆ تەواو بکە، ئازا گوتی: دوای ئەوە ئەو سەرکەچەڵی
سەر لوسە دەم و دەستەکانمی گرت،توند بەستییەوە گوتی: ئەمە کوڕی
بابە گەورەی گوندەکەیە بیبەنە ناوئۆتۆمبێلەکە و هەر بەمە
دەوڵەمەند دەبین، دووبارەئامادەبووان هەموو کەوتنەوە پیکەنین ...
منیش لەو پێکەنینە تێنەدەگەیشتم ،هەر چۆنێك بێت
ئازا لە چیرۆکەکەی بەردەوام بوو: دوای ئەوە زۆر ئەم لاو ئەولام کرد و
جولاّم...بەلاّم دووبارە هەر ئەوەندەم زانی بەر چاوم ڕەش بووچیتر
ئاگاداری خۆم نەبووم خۆزگە دەمزانی کامیان ئاوا بێ ویژدانەو ژیرو
ئاقڵی کردم ، بە هەرحاڵ دوای ئەوە نەمزانی دونیا ڕەنگی چۆنەچی
بەسەر هاتوەوچی بووەو لە کوێم و بۆ کوێ یان بردووم،کاتێك بە خۆم
هاتمەوە چاوێکی سەوزی دەر پەڕیوی ناشیرین لەنێو چاومەوشتێکی
ڕەشیش دەجوڵێ ئەوشتە ڕەشە سمێڵی ئەو کابرا قژدرێژە بوو
کە زۆر هێمای بۆ سەر کەچەڵەکە دەکرد خەریك بوو
هەر لەترسی ئەو دیمەنە جارێکی تریش ببورێمەوە...

ئەو سمێڵ زۆری قژ درێژە زیاتر ئاوی بەدەم و چاوم دا دەکردودڵسۆزانە خزمەتی دەکردم و دەیگوت : ئەمە هۆی دەوڵمەند بوو نمانە دەبێت خزمەتی بکەین... کاتێك هەستم کرد ئوتۆمبێلەکە وەستاو منیان هێنایە خوارەوە جوان بەئاوخاوێنیانکردمەوە...شوفێرەکە گوتی : دەی خێرا کەن...بەلاّم ئەو کەچەڵی ناشیرینە گوێیەکانی کاس کردو گوتی : تۆ بێ دەنگ بە کاری تۆ تەنها ئوتۆمبێل لێخوڕینە ...
ئەویش لەترسان هیچی نەگوت و کلاّوەکەی نایەوەسەری و سواری ئوتۆمبێلەکە بووەوەسمێڵ درێژەکە بە مهرییانییەوە هاتە پێش و گوتی : بابە گەورەت چ دەکات ؟
منیش گوتم مردووە ، تا هێزی هەبوو لەبن گوێی دام و گێژی کردم و خوێن لە لوتم ڕا نەدەوەستا... منیش هەر هاوار و ناڵەو گریانم بوو...هەر چۆنێك بێت خوێنەکەیان ڕاوەستاند و هەڕشەشیان لێ کردم گوتیان : ئەگەر درۆ بکەی ئەوە خرا پت لێدەدەین،منیش گوتم : هەرگیز درۆ ناکەم، سەر کەچەڵەکەش گوتی:منداڵە جوانەکە باشە باوکت چ کار دەکات منیش گوتم :خەریکی کوشتوکاڵە مامۆستایە،هەر ئەوەندەم زانی گرمەیەك هات،نەمزانی شریقەی هەوربوو یان گرمەی ئەو زلەیە بوو کە بە بنا گوێم کەوت ،لەوە بە دواوە چیتر گوێم لە قسەکانیان بەباشی نەدەبوو ، تەنها کەمێك نەبێت،
زیاتر گرینگیم بە شێوازی لێو و دەمیان دەدا بۆ تێگەیشتنم لێیان...

چەند جارێکیش هەر پرسیاریان دەکرد ،هەردەم گوت ها چی هاچی...
دووباره دنیایان لەبەر چاوم ئەستێره باران دەکردەوە،بۆیە چاوەکانم
کردبوونەوە زۆر بە جوانی سەیری دەمیانم دەکرد،تا تێیان بگەم
قسەیان ئەم جاره تێگەیشتم گوتیان پارەتان زۆره ؟گوتم : بەڵێ...
سەیری یەکتریان کرد و پێکەنین، قژدرێژەکەش هاواری لە شوفێرەکە
کرد کڵاوەکەت بەرزکەرەوە بەرێ دەکەوین منیان سواری ئوتۆمبێلەکە
کرد و بەرێکەوتن نەمدەزانی بۆ کوێم دەبەن بۆ کوێ درۆن...
خەوم لێکەوت و ئاگاداری خۆم نەبووم کاتێك بە ئاگا هاتمەوە
کەچەڵەکە بانگی دەکردم، دەیگوت: هەستە رزگار کەری هەژاریمان ...
هەستە کوڕەجوانەکە... سمێڵ درێژەکەش بە میهرەبانیەوەهاتە پێشوو
ڕەنگم تیا نەماگوتم ئێستا کاسم دەکاتەوە... بەلاّم زۆر بەجوانی
ماچی کردم گوتی: ئافەرین کوڕی باش... ئێمە هاوڕێی تۆین...
دەبێت بە گوێمان بکەی ئەگەر نا...لەو کاتەدا کەچەڵەکە قسەی پێ
بڕی و گوتی:ئەگەرنا چاوەکانت دەر دێنم منیش لە ترسان هیچ قسەم
بۆ نەدەهات بەسەر هێمام بۆ کرد باشە بۆیە قژدرێژەکە گوتی:ئێستا
دەگەینە ئەو پۆلیسانە هیچ قسەیەك لە دەمت دەر نەچێت ئەگەر لێیان
پرسیت بۆ وا شلە ژاویت ؟ بۆچی وا سوور بوویتەوە ؟
بڵێ نەخۆشم ئەوانەش باوکم و ماممن دەچینە نەخۆشخانە،
منیش گوتم: نا نەخێر من هەرگیز درۆ ناکەم ...

چەند لە گەڵمداقسەیان کرد و پارەیان دامێ و گوتیان : چیت دەوێت بۆتی دەکەین بەس تۆ ئەوەندە بڵێ منیش هەر دەمگوت : نا نەخێر درۆ ناکەم...تەواو لەگەڵم ماندووبوون ئەوەندە بڵێن ، هەر گوتم : نانەخێر درۆ ناکەم ...بۆیە دوو ئەوەندەی تر ماندوو بوون ئەوەندە لێمبدەن نازانم بورامەوە یان نا بەلاّم ئەوەندە ئاگادار بووم چەند ماندوو بوون، هەوڵیان دەدا بە دڵی ئەوان قسە بکەم دوو ئەوەندەی تریان لێدام  هەروەها نازانم گەیشتووینەتە پۆلیسەکان یا نا..
بەلاّم کاتێك بە خۆ ها تمەوە شەو بوو، هەرسێکیان پێدەکەنین و هەراو بە زمیان بوو منیش خۆم کردەوە بەخەوبۆ ئەوەی دەست نەکەنەوە بەلێدان و کوتانم...هەرچەندە هەموو گیانم ئازاری هەبوو بەلاّم هەر خۆم بێ دەنگ کردبوو، نازانم بێچارەو بەخت ڕەشی من بوو کە مێش و مەگەز وازیان لێ نەدەهێنام...وابزانم بۆنی خوێنیان کردبوو چەند مێش  مەگەز لە دەم و چاوم کۆ دەبوونەوە من هەر خۆم بێدەنگ دەکردو لەدڵی خۆمدا دەم گوت : لەوە باشترە شەق و زللە  بخۆم هەر شەق و زللەی ئەمانە باشترە...جار جارەش کەمێك دەجوولامەوە بەلاّم بەتەواوی هەراسانیان کردبووم بۆیە بەتەواوی جولامەوە ...
گوتم :چی دەبێت با ببێت !بەلاّم باشبوو سوپاس بۆ خوا هیچ نەبوو، جارێکی تریش هەرواهەراسانیان کردم و جولامەوە هەستیان پێکردم و دووبارە ئاویان بە دەم و چاوم داکرد بۆ ئەوەی بە ئاگا بێمەوە

نەمهێشت ئاوەکەم هەموو پیێدابکەن، چونکە دەمزانی سەرمام دەبێت
چونکە بەر لە وەش بۆ خۆم کەمێك سەرمام بوو، بۆیە هەر زوو هەستام
ئەوانیش دەستیان کردەوە بە پرسیارە کانیان قژ درێژەکە
گوتی :بچکۆڵ گیان تۆ گوتت پارەمان زۆرە وایە ؟
گوتم : بەڵێ پارەی کوشتوکاڵی ئەمساڵمان زۆرە
ئەو کابرا چاو سەوزە کە هیچ میهرەبانی لێ نەدەهات: چەندەیە و
چەندتان هەیە؟ منیش گوتم نازانم بەلاّم پڕ بەدەستم دەبێت نازانم
بۆچی لێیان دامەوە بەخواراستم پێ گوتبوون، قژ درێژەکە گوتی: چیتر
درۆ مەکە لێت دەپرسین بەڕاستی وەلاّممان بدەوە و ئازارت نادەین
دەتبەینەوە ماڵی خۆتان،گوتم : بەخوا من درۆ ناکەم ...
بۆیە پرسی بابە گەورە چی دەکات ؟ منیش گوتم: ئەو بابە گەورەی لە
گوندەکەمان لە دیوەخان دانیشتووە ؟ سەر کەچەڵەکە گوتی: باشە
دەزانی پارەکەی لە کوێیە؟ منیش گوتم نا نازانم، پرسی چۆن
نازانیت ؟ ئەی تۆ کوڕی ئەو ماڵە نیت ؟ منیش گوتم : نەخێرئەو
کەسێکی ژیرو بەتەمەنی گوندەکەمانە، گوتی: باشە ئەی باوکی تۆ
نیە ؟ منیش گوتم : نەخێر، بەلاّم ئەوان باوەڕیان پێ نەکردم و
دووبارە جنێوێکی باش وچینێکی باشیان لێدامەوە... منیش هەروەکو
پێشوو تر جارجارە بەگریانەوە قسەم دەکرد،
هیچ قسەشم بۆ نەدەهات هەر ئەوەندەنەبێت کە دەمگوت :

به خوا درۆ ناکەم... سمێڵ زۆر و قژ درێژەکە گوتی: باشە باوکت ناوی چییە ؟ منیش گوتم: ئێوە لێمەدەن بە خوا ڕاستیتان پێ دەڵێم چونکە دەمزانی هەر لێمدەدەن گوتم : ناوی کارانە لەو کاتەدا شوفێرەکە کڵاوەکەی جوان بەرز کردەوە گوتی : بۆ درۆ دەکەیت، ویستم بڵێم درۆ ناکەم ...هەر ئەوەندەمزانی بەشەق کەوتە سەرم و گوتی :ئەو کوڕە شێتە بیکوژن باشترە ڤیروسیا لەو هەموو ماندووبوونەش !

منیش هەر هاوارم دەکردو دەگریام جێگایەکی لاشەم نەبوو ئازاری نەبێت، کاتێکیش کە گوێم لێبوو گوتی بیکوژن ڕەنگم زەرد هەڵگەڕا و دەمگوت :بەخوا ڕاستم گوتووە ئێوە بەچی باوەڕ دەکەن؟ بەچی سوێندتان بۆ بخۆم ؟

چیتان لە من دەوێت ؟خودا لێتان خۆش نابێت،

من نازانم ئیوەچیتان دەوێ هەرچیەکتان دەوێ بیڵێن چ کارتان بە منەوەیە ؟خودا هەرگیز لەم کارانەتان خۆش نابێت ...

هەر ئەوەندەم بۆ گوترا ئیتر ئاگاداری خۆم نەبووم ...

کە چیم بەسەر هاتووە ،کاتێك چاوم کردەوە تەنها سەر کەچەڵەکەو قژ درێژەکەلە بەر چاوم بوون ،وادیار بوو نیگەران بوون هەر دەیانگوت نە هاتەوە! دەبێت چی بەسەر هاتبێت ئەگەر گرتبیان هەموو شتێکی گوتبێت چی بکەین؟ بینییان من وا سەیریان دەکەم کەچەڵەکە هاتە پێش و گوتی :بەس درۆ بکەیت دەتکوژم ... : لێی گەڕێ بابزانین چی دەبێت... لە ڕاستی دا نەمدەزانی باسی چی دەکەن !

بەلاّم قژ درێژەکە هاتە پێش و گوتی : بەهیوام ڕاستیت نە گوتبێت ئەگەر نا من لە داخان دەمرم! من نەمدەزانی چییە بەلاّم دەمزانی شتێك ڕووی داوە، تەنها ئەوە لای من ڕوون بوو شوفێرەکەو ئوتۆمبێلەکە دیار نەبوون، دەستیان لێنەدام تاوەکو دوای عەسری ئەو ڕۆژە ،بەلاّم ئەوان زیاتر نیگەران دەبوون هەر دەیان گوت دەبێت چی بەسەر هاتبێت هەر ئەولاو ئەملاو ئەولایان دەکرد ،لە ناکاو کەچەڵی ناشیرینەکە هاواری لێ بەرزبوو گوتی : ئەوەهاتەوە ئەو قسەی کردو گوتی :بێگومان درۆت کردبێت گەورەترین فێڵ لە با وکت دەکەین دوای ئەوەش تۆ دەکوژم !منیش هیچم بۆ نەدەگوترا و نەمدەزانی چی ڕووی داوە... شوفێرەکە گەیشتەوە و قژ درێژە کە لەمن هاتە پێش و گوتی:

ئەگەر تۆ ئازاد بکەم خودا لەمن دەبورێت ؟

منیش بە چاوی فرمێسکەوە سەرم بۆ لە قاند،

ئەویش دەستی بە سەرما هێنا و گوتی: پەشیمانم لە قسەکانم بە هیوام درۆت نە کردبێت، لەوکاتەدا شوفێرەکە دابەزی و هەردووك لێیان پرسی ها چی بوو؟ئەویش گوتی: ئەوە کوڕی بابەگەورە نییە کوڕی جوتیارێکی هەژارە، لێیان پرسی چۆن ئەمەتزانی؟ لە شێتێکم پرسی کە دەیان گوت: ئەوشێتە هەرگیز درۆناکات و زانایەکی ئەو ناوچەیە بووەو بەهۆی بیرۆکەو کارە دەگمەنەکانییەوە شێت بووە...بەلاّم من وام دەبینی ئەو تەنها شێتییەکەی لەوشەی ئێ دایەو زۆریش لەمن ژیرتربوو...

وازبێنن دواتر چیرۆکی ڕاستییە شێتتان بۆ دەگێڕمەوە...هەروەها لە دوای هەر وەڵامێك و پرسیارێکم دەی گوت: ئێ.. ئێ ...منیش هەموو شتێکم لەو شێتە پرسی و هیچ یەك لە زانیارییەکانمان ڕاست نەبوون کەچەڵەکە هاواری کرد ئەی کوڕی بابە گەورە کێیە؟ نەتپرسی؟

ـ: با پرسیم بەڵام ... بەڵام کەچەڵەکە هاواری کرد بەڵامی چی!

بۆ قسە ناکەیت شوفێرەکەش بەترسەوە گوتی : ببورن باش نەمزانی، خێرا قسەبکە چیت نەزانی ؟ شوفێرەکە بەخوا منیشیان بەهەڵە تێگەیاندبوو،بۆ قسە ناکەیت ؟ کلاَوەکەت بەرز بکەرەوە قسەبکە دەی، شوفێرەکە باشە بەڵام ...

بەڵام بابە گەورەی ئەو گوندە ئم ئم قژ درێژەکە هاواری کرد کوڕە بۆ قسە ناکەیت خۆ لاڵ نەبویت ؟ شوفێرەکە زۆر بە خێرایی: بابە گەورەی ئەو گوندە منداڵی نییە... کەچەڵەکە گوتی: بەڕاستتە؟

ـ : بەڵێ،

ـ :دڵنییای ؟ :بەڵێ، کوڕە تۆ شێتی ؟ زۆر دڵنییای ؟

شوفێرەکە قسەکانی هێشتا تەواو نەکردبوو مستێك بە دەم و ددانی کەوت وبە هەردووکیان کەوتنە سەری... هەر دەستیان لە سەری هەڵنەدەگرت، لێدەو بکوتە...چەندیان لەمن دابوو دوو ئەوەندەیان لەودا...منیش هەر بەگریانەوە ئەوەندەی دەنگم تیابوو هاوارم کرد: بەسە خودا لێتان نابووری بۆچی هیچ ویژدانتان نییە...

جارێك لەمن دەدەن جارێك لەو،دەی یەکەو تەنهازەللەیەك لە یەکتری بدەن بزانن چەندە بە ئازارە...لێدان بۆ هیچ کەس نییە نابێت کەس لە کەس بدات، هەردووکیان سەیری منیان کرد و کەچەڵەکەش هاتە پێش زلەیەکی لە بنا گوێم گیر کرد و قژ درێژەکەش بێ یەك و دوو تا هێزی تیابوو بە مست لەچاوە دەر پەڕیوە سەوزەکەی دا گوتی: چەندم گوت گوێتان لەمن نەگرت با نەی بەین...

چەند هێمام بۆ کردن گوتم: با دڵنیا بین ئینجا کارەکە بکەین، تازە چی لەم کوڕە هەژارە بکەین؟ چۆن خودا لێمان خۆش دەبێت؟

ئێوە بوون ئەو کارەتان بەمن کرد !نازانم ئەو پیاوە گەورەیە چۆن دەستی بە گریان کرد و هاواری دەکرد ئێوە بوون...

ئێوە بوون ...خودایە لەمن ببوورە ...

ئەو پیاوە قژ درێژە بە هێمنی هاتە لامەوە و گوتی : خودا لەمن دەبورێت منیش گوتم: بەڵێ... بۆیە دووبارە هەستایەوەو دەستی کردەوە بەلێدانی و ئەم جارە لێدانەکە شوفێرەکەشی گرتەوە،

کچەڵەکەبەنوزەوە گوتی: باشە برا گیان چۆن بزانین ئەو شێتە ڕاست دەکات ؟ قژ درێژەکەش گوتی : دەمت داخە هەر تۆ بوویت منت فریو دا ئەو کارە ئەنجام بدەم ...بەڵام من برا گەورەیەکی خراپ بووم بۆ ئێوەو بۆ خۆم ئەگەر نا چۆن ئەو کارەم دەکرد...

یان چۆن بە قسەی ئێوەم دەکرد ...

ئەی بەبیرت نایە باوکمان هەمیشە دەی گوت:قسە یان لە شێتە یان لە منداڵە ! لەم کاتەداقژ دریژەکە دەستی بۆمن درێژ دەکرد و دەی گوت: کوڕەکە دەجار ڕاستی گوتبیست جار ڕاستی گوت باوەڕت پێ نەکرد... تەنانەت بەقسەو تەماشاکانت وات لەمن دەکرد...منیش لە لێدانەکانم زیاتر بەر دەوام بم زیاتری لێبدەم، بەلاّم سوپاس بۆ خوا چاك نییە نەمردووە و زیندووە ئێستا تەندروستی باشە، بۆیە زیاتر لەمن نزیك بووەو دانیشت و گوتی: تۆ فێرت کردم ئازاو چاو نەترسبم لە هەموو کاتێك ڕاستی بڵێم،هیچ کات درۆ نەکەم ، بەڕاستی ئەی کوڕە بچکۆڵە تۆ فێری ئەوەت کردم مرۆڤ هۆی سەر کەوتنی تەنها لە ڕاستی و ژیری دایە...لەوکاتەدا قژ درێژەکە منی هەستاند و ماچی کردم... هەردوو براکەی تریشی بەستایەوە، نەمدەزانی بۆچی وا دەکات لەوکاتەدا لەبەر پێیەکانم کەوت و گوتی:بە پێ و دەستەکانت لێمانبدەو تۆڵەی خۆت بکەرەوە ،منیش گوتم مامە گیان مرۆڤ لە مرۆڤ نادات لە هیچ و خۆرای... ڕاستە ئێوە لەمنتان داوە بەبێ هیچ هۆیەك بەلاّم من ناتوانم لە ئێوە بدەم ، یەکەم ئێوە لە من گەورەترن، دووەمیش بۆ هیچ کەس نییە لە کەس بدات... دەست و پێی براکانت بکەرەوە تۆش لەبەر پێی من هەستە،

هەڵە بەهەڵە چارەسەر ناکرێت...چارەسەری هەڵە تەنها بەردەوام نەبوونە لەکارە هەڵەکەدا...

ئێستاش تکاتان لێدەکەم بمبەنەوە بۆ گوندەکەمان ولای دایکم و باوکم ئێستا نیگەرانن، دەبێت داوای بەخشینیان لێبکەم چونکە وا بڕیار بوو زوو بگەڕێمەوە ماڵەوە کاتێك ئەو قسانەم کرد هەرسێکیان دەستیان بەدەم و چاویانەوە گرتبوو نەیان دەهێشت فرمێسکەکانیان ببینم،واش دە هاتنە بەر چاو کە شەرمەزارن بەهەرچۆنێك بێت دەست و پێی براکانی کردەوە ئاویان بە دەم و چاوم داکرد و منیان خاوێن کردەوە،قژ درێژەکە گوتی : سەرکەون بۆ گوندەکەی بابە گەورە ... کلاَو لە سەرەکەش سواری ئوتۆمبێلەکە بوو،بە قۆڵی ئەوەی دیکەشی گرت و فڕێی دایە دواوە...بە منیشی گوت وەرە پێشەوە سەرکەوە ئەی قارمانە ئازاو کۆڵنەدەر و ژیرەکە دانیشتوانی میوان خانەکەش هەموو کەوتنە قسەکردن بەڕاستی قارەمانە، بەڕاستی پاڵەوانە، نازناوەکەی شایستەیە...

بابەگەورە: دەی ڕۆڵە بەردەوام بە دوای ئەوە چی بوو؟ئازا دەستی پێکردەوە: بابەگەورە لە ڕاستیدا دوای ئەوە بەداوای لێبوردنێکی زۆرەوەچاوی منیان بەهێواشی بەستایەوەو دوای ماوەیەکی زۆرخەوم لێکەوت...کاتێکیش بەخەبەر هاتم تەنها سمێڵ دریژە میهرەبانەکە خەبەر بوو دووانەکەی تر خەوتبوون، لەناو ئوتۆمبێلەکە سەرم بەرز کردەوەو پەڕۆکەم لەسەرچاوم لاداوبینیم لە ناودارستانەکەی خۆماندام و

منیان هێناوەتەوە...تابەیانیش ئاگریان بۆکردمەوەو پارێزگاریان لێکردم، تادڵنیابوون بەرەبەیانەودەتوانم بگەڕێمەوە ماڵ و دواتریش هێواش هێواش گەرامەوە... بابە گەورەش گوتی: ڕاستە من کوڕم نییە بەلام تۆ لە مرۆ بەدواوە کوڕی منی وزۆریش دڵنیام لە ئایندە هەڵسوڕێنەری ئەم گوندە دەکەوێتە ئەستۆی تۆ ...

منیش لەوکاتەدا بۆم دەرکەوت کە بابە گەورە کوڕی نییە،بابە گەورەش گوتی: وەسییەت بێت ئەگەر من مردم ئازا دەبێتە هەڵسوڕێنەری ئەم گوندە،مامۆستا کارانی جوتیاریش بزەی سمێڵی دەهات... بابە گەورەش ڕووی کردە من: ڕۆڵە گیان سبەیش مەچۆرەوە بۆ شار خۆئەم دوو سێ ڕۆژە دەوامی کۆلیژیش نییە وئەم سێ ڕۆژەی نەورۆزمان لەگەڵ بەشداربە... هەر لەوکاتەشدا بابە گەورە ڕووی کردە میوانەکان و گوتی:هەر لە ئێستاوە باشتر خۆتان ئامادە بکەن بۆ بەیانی بەبۆنەی ئەوەی ئازا تەواو چاك بووەتەوەو چیرۆکی ڕفاندنی ئازاشمان زانی وفێری ئەوەش بووین هەمیشە ڕاستگۆ بین...

کەمێك وەستا و دەستی پێکردەوە : بەڕاستی ئەم ڕووداوەی بەسەر ئازا هاتووە ئەگەر مرۆڤ ژیر بێت زۆر پەندی لێوەردەگرێت ...

بۆ ژیان و دوارۆژ...

**لەو کاتەدا منیش لەدڵی خۆمدا گـوتم چـۆن دەبێـت ئـەوەی بـەهرەی نووسینی هەیە شەرم بکات ، پە یمانبێت چیتر شەرم نەکـەم و هەمیشـە خۆم و خامەکەم بوێرانە بژین وچاو تیژتـر بڕوانین و بەردەوام بین ... لەوکاتــەدا دەنگـم بــەرزکردەوەو زۆر بــە جوانی و بێکێشــەی دەروونــی گوتم : ئارپای ئازا... ببورە هیچم لە دەست نایەت کـە ئێسـتا بـۆتی بکەم،بەلاّم بەلّێن بێت کەبوومە نوسەر و دوای بلاّو کردنەوەی چەندین کتێبم... ئەم ڕووداوەی تۆ بکەمە چیرۆك و لەیەکێك لـە کتێبـەکانم بلاّوی بکەمەوە ....**

**بۆ مێردمنداڵان**

## کۆتـای

سوپاس بۆ:

* خاتووخیلانی کاروان هەمیشە پاڵشت و هاوکاری سەرەکیمە لەژیان و بواری نووسین و ئەدەبدا...تایپی کتێبەکەی بۆکردم.

* بەڕێز ئیدریس خدر مامۆستای زمانی ئینگلیزی پەیمانگای هونەرەجوانەکانی هەولێر.

* بەڕێز دیزاینەر محمدساڵح دیزاینی بەرگ کاری ئەوە.

* بەڕێز دیزاینەر ئاکار جلیل کاکەوەیس بەتێبینییەکانی دیزاینەکەی جوانترکرد.

*بەڕێز مەڕوان هەژاری هاوکار و خەمخۆری کارەکانم.

## ژياننامەی نووسەر

*كاروان على كوڕی موحەمەدی كوڕی على كوڕی ئەحمەدە
لە ١/١/ ١٩٨٩لە هەولێری پايتەختی كوردان دايك بووە ...

## ژيانی كۆمەڵايەتی باوانی نووسەر

*ژيانی كۆمەڵايەتی بنەماڵەكـەييان هـەر لەبا پيرەگەورەكەييانـەوە هەژار ونەداربوونە و هەميشە لە هەوڵی بڵاوكردنەوەی ئاييني پـيرۆزی ئيسـلامدا بوونـە...بـاوانی وەكـو هـەموو مـەلاكانی ئـەو سـەردەمە هەرجارەو لە لادێيەك دا ژييانيان بەسەربردووە ...

## کاروان علی لەمندالی و...

*کاروان علی مندالێکی رووح سووك و زۆر هەرەپاس وچالاك بووە ، لەکۆچڕەوەکەیکوردکەدەکاتە
١٩٩١ئەوکات بە پێ دەرۆیشت...لەدوای هێوربوونەوەی بارودۆخی کوردستان بنەماڵەکەییان لەبەرهەژاری و نەداری رووداوەکەنە لادێکان بۆبژێوی ژیانیان ،لەبەرئەمە نووسەر ناتوانێت بچێتەبەرخوێندن ،کاتێکیش بژێوی ژیانیان باشتر دەبێت دەگەڕێنەوە پایتەختی کوردان ، دوای ئەمەش لەتەمەنی ١٠سالی دەچێتە بەرخوێندن و هەمووسالێك پلەی یەکەم بەدەست دەهێنێت و قۆناغی ناوەندیش بەهەمان شێوە تەواو دەکات ...

## بەشێك لە ئەرشیف و ئێستای کاروان علی

*کاروان علی لە ٢٠١٣وە سەرۆکی ڕێکخراوی پروشـەیە بـۆ هۆشـیاری و پێگەیانـدنی منـداڵانی کوردسـتان ودەرچـووی پـە یمانگای هونـەرە جوانـەکانی هـەولێرە لـە بەشـی دەرهێنـان ـ شـانۆ هـەروەها دوای دەرچـوونی بە پلـەی یەکـەم و ئێسـتاش فێرخـوازی ئـەکادیمیای هونەرەجوانەکانە بەشی دەرهێنان ـ شانۆ هەروەهالەساڵی ٢٠٠٣ وە لە بواری منداڵان دەنوسێت،ماوەیەکیش بەرپرسی نەواڵەی منداڵانبووە لە گۆڤاری نواڵەی نوێ، ئێستاش بەڕێوەبەری بەشی باخچـەی منداڵانـە لە گۆڤاری بردێ ی ئازاد...هەروەها ماوەیـەکیش دەسـتەی نوسـەرانی ئاسودەی لاوان بووە، چیرۆك و ئۆپـەرێت و هۆنراوەکـانی لـە زۆربـەی ڕۆژنامە و گۆڤارە کـان دابلاوکراوەتەوەلەسـایتەکادا بـەخش کـراوە، بەشـێك لـە چیرۆکەکانیشـی کراوەتـە تەمسـیل بـۆ منداڵـە چـاو گەشەکان، چەندین شیعرو ئۆپەریتی کراوەتە گۆرانی و لە شانۆگەریدا بەکارهاتوون... بـۆ ماوەیـەکی زۆریـش پێشکەشـکاری رادیـۆ بـووە و چەندین ساڵیش لە تەلەفزیۆنی نیولاین و کۆمپانیای ئـەی ڤـی لایـن کارمەند بووەلە بەشی دۆبلاژ و وەرگێران هەروەها کارمەنـدی هـەردوو کەناڵی ئاسمانی کۆرە ك و کەناڵ ٤ بووەبۆکاری دۆبلێری ...

هەروەها چەندین جارلە چەند کەناڵێکی لۆکاڵی بەرێوەبەربووە لەبەشی دۆبلاژ و وەرگێڕان.

# بەرهەمەکانی نووسەر

*ئارەوو گوڵە و ئامانجیش بۆنەکەیەتی

*بەڵێ بۆ تۆشە !

*چۆلەکە و دالیا چییان دەگووت ؟

*بەدوای هاوڕێیەك دا دەگەڕێیت ؟

* ڕۆیشتن بەرەو گەیشتن

| ناونیشان | لاپەڕە |
|---|---|
| دەستپێك | ٤ |
| خوێنەری ئازیز | ٧ |
| دیارییە... | ٨ |
| جوتیار | ٩ |
| پێشمەرگە | ١٠ |
| مژدانە | ١٢ |
| هیوای كاروان علی | ١٤ |
| مێرووله | ١٦ |
| سێو | ١٨ |
| كوا وڵاتی كورد؟ | ١٩ |
| خاكم نافرۆشم | ٢٠ |
| كەڕ وڵاڵ | ٢١ |
| تەماتە | ٢٢ |
| خاكی وڵات | ٢٣ |
| پایز | ٢٤ |
| هاواری منداڵانی كوردستان | ٢٥ |
| ئەوەچییە؟ | ٢٧ |
| بۆ منداڵانی هەولێر | ٢٨ |
| پێشمەرگەی كوردستان | ٢٩ |
| بەهار | ٣٠ |

| | |
|---|---|
| ماسی | ٣١ |
| کوردان چۆنن؟ | ٣٢ |
| کێ یە؟ | ٣٣ |
| ئامۆژگاری کاروان علی | ٣٤ |
| باخچەیەکی کوردستان | ٣٥ |
| چەژنی ژیانەوە | ٣٦ |
| بۆمندالآنی کوردستان | ٣٨ |
| هاواری مندالێك | ٣٩ |
| سەری ساڵ | ٤١ |
| زانین چرایە | ٤٢ |
| چۆلەکەو بەفرو باران | ٤٣ |
| تابلۆ | ٤٤ |
| بەهار بووکی وەرزانە | ٤٥ |
| نیشتیمان | ٤٦ |
| مامە و بابە | ٤٧ |
| سەرتاش | ٤٩ |
| خاك | ٥٠ |
| جەژنی مندالآن | ٥١ |
| کیسەڵ | ٥٥ |
| پێشبڕکێ | ٥٨ |
| سەری ساڵی زایینی | ٦٨ |

| | |
|---|---|
| هاااااوووواااارررر | ٧٠ |
| هاورێیەتی | ٧١ |
| پاڵەوان | ٧٣ |
| دوارۆژ | ٧٥ |
| ڕێگا | ٧٦ |
| گەشت و بینینی هەورامان | ٧٧ |
| زمانی کوردی | ٧٩ |
| یادی سەری ساڵ | ٨٠ |
| نەخوێنین هیچ نازانین | ٨٢ |
| چرا | ٨٦ |
| من کەروێشکم | ٨٥ |
| گوڵ و دڕك | ٨٨ |
| لەیلا قاسم | ٩٠ |
| گارگەی ژینگە | ٩٢ |
| میوان | ٩٤ |
| خاك | ٩٦ |
| جەژنی قوربان | ٩٧ |
| بەکارهێنەر | ٩٨ |
| زێی سیروان | ٩٩ |
| شاری ڕانیە | ١٠٠ |
| هاواری کاروان بۆ کوردستان | ١٠١ |

| | |
|---|---|
| بەڵێنی ناو جێگا | ١٠٢ |
| ( .......... ) | ١٠٤ |
| ناخی پشیلە | ١٠٥ |
| ستایشی پاشا | ١٠٦ |
| ئە نجامی کار | ١٠٧ |
| بژێوی ژیان | ١٠٨ |
| قوتابخانەی شێروانە | ١٠٩ |
| تکای کاروان بۆ هەمووان | ١١١ |
| دەردی دڵم دەبارێنم | ١١٤ |
| وەسییەت | ١٢٣ |
| پەرەسێلکە | ١٢٦ |
| پرتەقاڵ | ١٢٧ |
| چیرۆك بۆ منداڵان و مێردمنداڵان | ١٢٨ |
| لەباوەشی یەکداخەریك بوو بخنکێن | ١٢٩ |
| بزربووم لەشار...دایکم لەباوەشم ناگرێت | ١٣١ |
| بابرۆین بۆ گوندەکەی بابە گەورە | ١٣٥ |
| سوپاس نامە | ١٥٦ |
| ژیاننامەی نووسەر | ١٥٧ |
| بەرهەمەکانی نووسەر | ١٦٠ |